# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی حەوتەم ژمارە (155) بەرواری 1–11–2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## " شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"


## دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی ئاشکرا

بـەشی شەشەم...ل13

## وتەی ژمارە

### سەرکەوتنی خۆپیشاندانی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ، بەندە بە بەردەوامی و هاوئاهەنگی و ڕێکخراوبوون!

٢٢ و ٢٩ ی ئەم مانگە مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ، بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ و یەکگرتوانە خۆپیشاندانێکی فراوانی جەماوەریان لە زۆربەی شار وشارۆچکەکانی زۆنی سەوزدا ئەنجامدا. ئەم خۆپیشاندانە لەلایەکەوە لە درێژەی نارەزایەتی لە پێشتری مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ و لەلایەکی تریشەوە بەدوای بانگەوازی وەزیری پەروەردە هات، کە رای گەیاند "دەبێت" ٢٢ی مانگ، دەرگای قوتابخانەکان بکرێتەوە و پرۆسەی خوێندن و پەروەردە دەست پێ بکاتەوە.



ئەم دوو خۆپیشاندانە فراوان و جەماوەرییەی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ، نیشانیدا کە هیچ تەباییەک لە نێوان مامۆستایان و خواستەکانیان، لەگەڵ دەسەڵات و وەزیری پەروەردەی ئەو دەسەڵاتەدا بوونی نییەو هەردوو لا نوێنەرایەتی دوو بزوتنەوە و دوو ئاراستەی جیاواز و دژ بەیەک دەکەن. مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ داوای موچە و دامەزراندن وەکو مافی رەوای خۆیان دەکەن، مافێک کە ژیان و گوزەرانیان و هاوکات ئاییندەی پرۆسەی پەروەردەو فیرکردنی پێوە بەندە، لە بەرامبەردا دەسەڵات و وەزارەتێک هەیە، کە بێباکە لە ژیان و گوزەرانی مامۆستایان و مافی زۆر سادەیان کە موچە و دامەزراندن و هاوکات بێ باکە بەرامبەر بە گرنگی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە.

مێژووی نارەزایەتی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ، بە ئەندازەی تەمەنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە، لەو کاتەوەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەت" پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان" لەهەرێمدا دەسەلاتیان هەیە، لەو کاتەشەوە بێ بەشی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان لە کرێکاران و کارمەندان مامۆستایان،

بۆ لاپەڕە 2

## بزوتنەوەی دژە شەڕ، بە وێنەی هێزێکی بەرینی وێڵ بەدوای ئارامی و ئاشتیدا، پەرەدەستێنێ!



لەگەڵ هەڵکشانی هێرشە ئینسان کوژییەکەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر فەلەستینیەکان و غەزە و وێرانکارییەکی بێ وینەو کوشتارێکی دەستی ئەنقەست، بە پشتیوانی ئاشکرای دنیای دیموکراسی ئەمریکاو غەرب، بزوتنەوەی دژە شەڕ تا دێت بەرەو هەڵکشان دەچێت. پروپاگەندەی جەنگی ئەمریکاو غەرب بەوەی کە جەنگی ئێستا دژی حەماس و تیرۆرە تا دەگات بەوەی کە دەڵێن"

بۆ لاپەڕە 3

## هێرشی دڕندانە، لە حکومەتی دڕندە چاوەڕوانکراوە!!



شەوی ١٧ ئەم مانگە دەوڵەتی فاشیستی ئایینی ئیسرائیل، هێرشێکی بێ سنوور وەحشیانەیان کردە سەر نەخۆشخانەی ئەهلی مەعمەدانی لە غەززە، لە ئاکامی ئەم هێرشە دڕندەو تیرۆریستانەیەدا، نزیکە ٥٠٠ کەس لە نەخۆش و پەرستار و دکتۆر و کارمەند و کرێکار و سەردانیکەر... تاد، گیانیان بەختکرد و بەسەدانیش بریندار بوون.

ئەم هێرشە دڕندانە دەست ئەنقەستە، لە درێژە و لەناو جەرگەی بۆردومانێکی بەردەوامی نەپساوەدا بۆسەر کەرتی غەزە دەستی پێکرد. لەدرێژی داسەپاندنی

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


*دووڵی ئیسرائیل لە دەستپێکردنی هێرشی زەمینی.......................ل4

*کامەران لەتیف وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە.................................ل5

*وڵاتانی رۆژئاوا و خاپورکردنی غەززە....................................................ل6

*هەرگیز درەنگ نییە!!..........................................................................ل7

*بۆچی لە کوردستان هێرش دەکرێتە سەر هێزەکانی ئەمریکا............ل9

*شەڕی ئێستای فەلەستین و ئیسرائیل شەڕی خاکە یان....................ل10


## دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە کوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان"



هاوڕێ خەسرەو سایە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل14


ل8 گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل7 پرسی ژن

ل5 پرسی ڕۆژ

# درێژەی وتەی ژمارە

درێژەی هەیە و هاوکات ئەم جەماوەرە فراوانە لە دۆخێکی تابلێی سەختدا ژیان و گوزەران دەکەن، لەو نێوەدا مامۆستایان ومامۆستایانی وانەبێژ بە ناچاری هەمیشە لە حاڵەتی نارەزایەتی دەربریندا بوون جا یان بە بایکۆت یان کۆبونەوە و خۆپیشاندان. دیارە ئەم دۆخە تەنها ئەوە نییە کە ژیان و گوزەرانی مامۆستانی خستۆتە ژێر گوشارێکی زۆرەوە، بەڵکو هاوکات، لەلایەکەوە شێوازی ژیانیانی گۆریووەو ناچار بەوەی کردووەن کە دەست بۆکاری تر ببەن تا درێژە بەژیانی مەمرەو مەژیان بدەن و لەلایەکی تریشەوە ئاستی خوێندن و پەروەردەی بەرەو داکشان پەلکیش کردووەو ژمارەیەکی زۆریشی لە خوێندکاران ناچار بەوە کردەوە لە پێناو ژیاندا واز لە خوێندن بهینن و یان رێگەی چوونە قوتابخانەیان بەهۆی نەبوونییەوە لێ ببەسترێت. خۆپیشاندانی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ، لە بنەرەتدا بۆ رەتکردنەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوەیە.

لەپاڵ نارەزایەتی بەردەوامی مامۆستایاندا، تا هاتووە هاوسۆزی و پشتیوانی کۆمەڵگە لە داخوازییەکانیان، زیادی کردووە و نەفرەتیش لەدەسەڵات و بێ دەربەستیەکەی بەرەو هەڵکشان چووە. جیا لەوانەش مامۆستایان و رابەرانی بزوتنەوەکە خاراوتر بوون و ئەزموونیان دەوڵەمەندتر بووە. جیا لەوانە ناوەرۆکی رێکخراوە مامۆستایانەکانی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن!! بەرۆشنی خۆی نیشانداوە کە دوور و نزیک چوارچێوەیەک نین بۆ بەرگری لەخواست و ویستی مامۆستایان، بەڵکو ئامرازن دەسەڵاتن بۆ دەستەمۆکردنی مامۆستایان و خواستەکانیان و بەلارێدا بردنیدا.

خۆپیشاندانی فراوانی ٢٢ و ٢٩، مانگ جارێکی تر راسانی حەقخوازانەی مامۆستایانی خستەوە ڕوو، ئەوەش کە تەنها لەزۆنی سەوزدا مایەوە نەپەڕیەوە زۆنی زەرد، ریشەی لە سەرکوت و توندوتیژی دەسەڵاتی زۆنەکەدایە و مامۆستایان و سەرجەم کارمەندانی ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی، نەک تەنها




خواستی موچەو دامەزراندنیان هەیە، بەڵکو خواستی ئازادیشیان زۆترە و تێکۆشانیان بۆ تیکشکاندنی کۆتی سەرکوت لەسەر شانە، واتە ئەرکی خەڵکی ژێر سایەی زۆنی زەرد قورسترە، دەسەڵات لەو ناوچانە قوتبی ترە و رووبەڕووبونەوە پێویستی بە ئامادەیی زیاتر و نەخشەی تۆکمەتر و ئاستی ریکخرابوونی زۆترە.

دیارە بەپێچەوانەی راگەیاندن و لێدوانی کادرە حزبی و حکومییە!! کان و نووسەرانی و میدیا گەوجەکەیان بایکۆت و کۆبونەوەی مامۆستایان، بۆ خۆدزینەوە لەئەرکی پەروەردەیی و خوێندن و پەروەردەو راگرتنی پرۆسەی خوێندن نییە، بەڵکو بەشێکە لە بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی حەقخوازانە لە پێناو موچە و دامەزراندن و هاوکات باشترکردنی پرۆسەی خوێندن و بەرەو پێشبردنی... ئەم دوو خۆپیشاندانەش جاریکی تر نیشانیدا کە تۆمەتبارکردنی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ بەوەی پرۆسەی خوێندنیان بۆ گرنگ نییە، تۆمەتێکی پوچی بێ کڕیارە. لەوەش زیاتر بە دەنگەوە نەهاتنی دەسەڵات بۆ و وەڵامدانەوە خواستی سادەو رەوای مامۆستایان و درۆی ئەوەی کە بەغدا هۆکارە بۆ نەبوونی مووچە، دیسان نیشانیدا کە ئەم دەسەڵاتە لەلایەکەوە خۆی لە بەرپرسیاریەتی هاوڵاتیانی هەرێم دەدزێتەوەو دەیەوێت نارەزایەتی مامۆستیان و خەڵکی کوردستان ئاراستەی بەغدا بکات و لەلایەکی تریشەوە بێ باکی دەسەڵات بەرامبەر بە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە نیشان دەدات.

مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ و سەرجەم فەرمانبەران، لە پێناو بەچۆکدادانی دەسەڵات ناچارن بەوەی کە درێژەی بە بزوتنەوەی نارەزایەتی خۆیان بدەن و فراوانترو بەرینتر و سەراسەری تر و هاوئاهەنگتری بکەن و سەرجەم چین و توێژە بێبەشەکانی تریش تا دەگاتە کەس و کاری خوێندکاران ئەرکیانە زیاتر لەوەی تا ئێستا نیشانیانداوە، پشتیوانی لە داخوازی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ بکەن. جیا لەوانەش ناوەرۆکی راستەقینەی ریکخراوە مامۆستایەکانی حزبەکان بە باشترین شێوە خۆی نیشانداوە کە جگە لە گۆپاڵی دەستی دەسەڵات و ئامرازی دوبەرەکی نانەوەو و بەرگری لەدەسەڵات کارێکی تریان نییە، مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ بانگەواز دەکات بۆ دەستبردن بۆ پیکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان و بێ گویدانە ناسنامەی حزبی و بیروباوەر ...تاد. بەردەوامی بزوتنەوەی نارەزایەتی و لەهەر نارەزایەتیەکیشدا دەرکەوتنی رابەران و خاراوتر بوونییان، زەمینەی دەستبردن بۆ ریکخراوبوون زیاتر دەرەخسێنێت و پیداویستی ئەو رێکخراوبوونە وەکو چوارچێوەو ئامرازێکی خەبات بۆ بەرگری و دەست راگەیشتن بە داخوازییەکانیان و ڕیگای بەدەست هێنانیان، فەراهەم دەکات.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و دەستڕۆشتوانی بنەماڵەیی ئەو دەسەڵاتە کە خۆیان لەسەر کێوێک لە داهات و سامان و لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدان، باکیان بە دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و کرێکاران و مامۆستایانی و سەرجەم توێژە بێبەشەکانیان نەک نییە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی هەژاری ونەبوونی و گرانی و بێمافی خودی دەسەڵاتە و بنەماڵەکەیانن کە پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و کۆمپانیاکان و سەرمایەداران بۆتە قیبلەنمایان و خۆ کەڕ کردن و خۆ کوێر کردن لەبەرامبەر بە داخوازی جەماوەری بێبەشی کوردستانیان کردۆتە نۆرمی دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی و حزبۆکراتیان. تاکە رێگای روبەرووبونەوەی ئەم دەسەڵاتە بەردەوامی دانە بە نارەزایەتی و کۆبونەوەو مانگرتن و خۆپیشاندان و فراوانکردن و سەراسەری کردنەوە و ریکخراوبوونە... هێزی ریکخراو و ئامانجدارانە، گوشاری زۆر زیاترە لەسەر دەسەڵات و پاشەپێکردن و شکست دانی سەختە. با لەدڵی نارەزایەتیەکانی ئێستادا، شێوازی خەباتکارانەی تر لەوانەش کاری راستەوخۆی جەماوەری و گرتنە دەستی بەرێوەبردنی خوێندن و پەروەردە بەدەستی خۆیان و داسەپاندنی ئیرادەی ریکخراوە. ئەم ئەو رێگایەیە دەتوانێت پرسی موچەو دواکەوتن و دابەشکردن و دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە و چارەنووسی موچە پاشەکەوتکراوەکانی... یەکلایی بکاتەوە.

**کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣**

**مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ و سەرجەم فەرمانبەران، لە پێناو بەچۆکدادانی دەسەڵات ناچارن بەوەی کە درێژەی بە بزوتنەوەی نارەزایەتی خۆیان بدەن و فراوانترو بەرینتر و سەراسەری تر و هاوئاهەنگتری بکەن و سەرجەم چین و توێژە بێبەشەکانی تریش تا دەگاتە کەس و کاری خوێندکاران ئەرکیانە زیاتر لەوەی تا ئێستا نیشانیانداوە، پشتیوانی لە داخوازی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ بکەن...**

## درێژەی: بزوتنەوەی دژە شەر، بە وێنەی هێزێکی بەرینی وێڵ بەدوای ئارامی و ئاشتیدا، پەرەدەستێنێ!

ئیسرائیل مافی بەرگری لەخۆکردنی هەیە"، و تەنانەت سەرباری ریگری و هەرەشەکانی وڵاتانی ئەمریکاو غەرب بۆ بەرگرتن بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی بە پاساوی بەرگری لە حەماسی دەست پەروەردەکراویان، نەیان توانیووە راستی هیرشی داگیرکەرانەی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی فەلەستین و وەکو سەچاوەری پێ گرتنی گروپە ئیسلامیەکان، بشارنەوە. بۆیە خەڵکی ئازادیخوازی دنیا، چەپ و کۆمۆنیستەکان، ئینسان دۆستەکان...وەکو هێزیکی گەورە هاتوونەتە مەیدان و رۆژ بەرۆژیش ئەم بزوتنەوەیە وەکو بزوتنەوەی دژە شەر بەرینتر و فراوانتر دەبێتەوە.

بزوتنەوەی دژە شەر چ لە ناوخۆدی ئەمریکادا و ئیسرائیل و چ لە وڵاتانی ئەوروپا و دنیای عەرەبدا، لە پەرەسەندندایە. درندەیی دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتی دەستی راستی نەتانیاهۆ، و پشتیوانی ئاشکراو بی روپۆشی ئەمریکا و غەرب لە هێرشی دڕندانەی ئیسرائیل بۆسەر غەززە و فەلەستینیەکان، بە ناچار بزوتنەوەیەکی فراوانی هێناوەتە مەیدان، کە نەک تەنها دژی داگیرکاری و هێرشی دڕندانەی دەوڵەتی ئیسرائیلە، بەڵکو دژی سیاسەتی دەستئاوەلاکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ کوشتارو ویرانکاری لەلایەن ئەمریکاو غەرب و میلیتاریزەکردنی ناوچەکەو وەستانەوەیە بە خەواندنی چارەسەری کیشەی فەلەستین لە ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

برینی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و خۆراک و ئابلۆقەیەکی بی سنور، لەپاڵ بۆردومان و هێرشی بەردەوام و فراواندا بۆسەر فەلەستینیەکان، ریگری کردن و گوشار هێنان بۆ خەڵکی دنیای دژە شەر و داگیرکاری لەناو خۆی ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی ئەوروپادا، بۆ ئەوەی نەیەنە مەیدان و زۆنی کامیراکانی تورەیەکەیان بشارێتەوە و دنیا تەنها رووی فریوکاری و هێرشی تاک لایەنەی ئیسرائیل و پشتیوانی ئەمریکا و غەرب لێی بە پاساوی جەنگ لە دژی حەماس، نمایش بکات، شکستی خوارد. ئەم شکستە لە ئاستی دنیا و لەناو جەرگەی پایتەختەکانی ئەوروپادا، گوزیکی کەمەر شکێنە بۆسەر درندەیی دیموکراسی و هیچ سەرکەوتنیکی سەربازی و لۆژیکی براوەی هێز ناتوانێت، پشتی لەژیر بزوتنەوەی دژە شەردا راست بکاتەوە.

بزوتنەوەی دژە شەر، هێزێکی بەرینی وێڵە بەدوای ئارامی و ئاشتیدا، هێزێکە بەدوای ئازادی و عەدالەتدا، هێزیکە کە ئەوانەی دەیجوڵێنن، هێزە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکانن... هێز گەلێکن کە دەستەمۆی سیاسەتی زاڵ و دیدی زلهێزەکان نابن و لەناو جەرگەی ئەزمە و جەنگ و ململانێی هیزە بەرژەوەندیخوازەکان، پشت بەستن بە ئیرادەو توانایی جەماوەری مەبنایە. سەرباری ئەوەی ئەم هێز گەلە خاوەن ئاسۆیەکی رۆشن هاوئاهەنگ و نین و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی جوڵانەوە سیاسی جیاجیا دەکەن، هێزی کاریگەرن، بەڵام یەکلاکەرەوە نین. هێشتا نەبوونەتە بلۆکێک کە ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە بریار بەدەستەکانی دنیا مل کەچی بن و وەکو هێزیک بەفەرمی بناسن و مامەڵەی فەرمی لەگەڵ بکەن. بەڵام گوشارەکانی واقعین و حاشا لە گوشارەکانی و هاوکات لە تواناییەکەی ناکرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو توانایە فراوانتر و هەماهەنگتر و ئامانجدار تر و خاوەنی پلاتفۆرمی هاوبەشی خۆی بێت و هەنگاو بەهەنگاو پێشرەویەکانی لە بێژەنگ بدات و بەسەر لاوازییەکانی خۆیدا زاڵ بێت. ئەم جوڵانەوەیە زۆتر لە کەشی گشتیی و شەقامدایە و یەکانگیر لەگەڵ ناوەندەکانی ئابوری و بەرهەم هێناندا نییە. مانگرتنی فراوانی کریکاری و کارگەو کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەگرتۆتەوە و شادەماری ئابوری نەبەستووە. ریکخراو یەکێتییە کرێکارییەکان لەناو بزوتنەوەی دژی شەردا ئامادەییان واقعیەتیکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام تا ئێستا لە شوینی کاریاندا دەستیان بۆ کار راگرتن و لەجوڵە خستنی چەرخەکانی بەرهەمهێنان نەبردووە، ئەمەش توانایی ئەم بزوتنەوەیە سنوردار دەکات. گۆڕینی هاوسەنگی هێزی بزوتنەوەی دژی شەر، لە گرەوی ئەوەدایە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و شادەماری سەرمایە، لە جوڵە بخرێت، ئەوە دەتوانێت، ببێتە هێزێک کە جەنگ رابگرێت و گەروی دەسەڵاتی سەرمایەو سیاسەتی جەنگی خوازی و میلیتاریزم و لۆژیکی هیز بەکارهێنان لە ململانێکاندا کەنار بخات. پێویستە هیزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەو راستایەدا کارایی زۆتر و نەخشی بەرجەستە بگێرن و ئەم بزوتنەوە دژە شەرەی لە ئارادایە و تادیت فراوانتر دەبێتەوە لە هێزێکی گوشارەوە بکاتە هێزیکی بریاردەرو یەکلایی کەرەوە.

*****

## درێژەی: هێرشی دڕندانە، لە حکومەتی دڕندە چاوەڕوانکراوە!!

ئابلۆقە بۆسەر زیاتر لە دوو ملیۆن ئینسان و بڕینی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و دەرمان و خۆراک و کەڵک وەرگرتن لێیان وەکو چەکی جەنگ، لەدژی خەڵکی سڤیل، بەدەستەوە گیرا. لە کاتێکدا ئەم هێرشە دەستی بۆ برا کە دەوڵەتی ئیسرائیلی راهاتوو لەسەر ئینسانکوژی لەژێر داباراندنی دەیان هەزار تەن بۆمب و باروت و چەکی فۆسفۆریدا، داوای لە زیاتر لە ملیۆنیک لە خەڵکی باکوری غەززە دەکرد، کە ماڵ و حاڵیان چۆڵ بکەن و بەرەو باشور بڕۆن. ئەم هێرشە دڕندانەیە کە نیشانەی داماوی و خۆدزینەوەی دەوڵەتی ئیسرائیلە لە چارەسەری کێشەی فەلەستین، بە ئامانجی چۆڵکردنی غەززە و



ترساندنی دانیشتوانەکەی ئەنجام درا.

ئەنجامدانی هێرشێکی ئاوا وەحشیانە بۆسەر خەستەخانەی ئەهلی و نەخۆش و بریندار و لاو پیرو منداڵ و پەککەوتە، کە چنگە کرپان دەکرد بۆمانەوە لەژیان و هیوای چاکبوونەوە خەونیان بوو، چاوەڕوان کراو بوو. چونکە لەلایەکەوە ئەمریکاو غەرب لەژێر ناوی "ئیسرائیل مافی بەرگری لە خۆکردنی هەیە" دەستی دەوڵەتی ئیسرائیلیان ئاواڵاکرد بۆ هێرش و پەلاماری وەحشیانە بۆسەر خەڵکی فەلەستین و بوونە هاندەرو بەشدار لەو تاوانە لێخۆشبوون هەڵنەگر و نەبەخشراوە، لەلایەکی تریشەوە ئەمریکاو غەرب سەرباری هەوڵی زۆر و خستنەگەڕی میدیای پان و پۆڕ و نۆکەری هەزار سەریان شکستیان خوارد لەوەی دنیا و کۆمەڵگە راپێچی بانگەشە پوچەکانیان بکەن، کە دەیان ویست ئەوەی رووەدات شەتەکی جەنگی نێوان ئیسرائیل و رەوتە ئیسلامیەکان و حەماس بکەن، تا ڕاستی داگیرکاری ٧٥ ساڵەی ئیسرائیل و بەرگری فەلەستینیەکان، بشارنەوە و لەوەش زیاتر چارەسەری کێشەی فەلەستن بە نادیار بسپێرن. هاتنە مەیدانی قوتبی سێیەم لە ئاستی دنیادا کە لەبنەرەتدا رەتکردنەوەی داگیرکاری ئیسرائیل و پشتیوانی لە مافی رەوای خەڵکی فەلەستینە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان، نەخشە و پلانەکانی ئەمریکاو غەرب و ملهوری ئیسرائیلی لەئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا تێکشکاند. ئەم تێکشکاندنی نەخشەیە، زۆر لە شکاندنی لە بەرەکانی بەرامبەرکی لەگەڵ فەلەستینیەکان گەورەتر بوو، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم شکستەیان، شێت گیر بوون و دەست پارێزی ناکەن، هێرش بۆسەر خەڵکی مەدەنی و برینی ئاو و کارەبا خۆراک و دەرمان و سوتەمەنی و ڕیگەگرتن لەگەیشتنی کۆمەک بەخەڵکی غەززە و هێرش بۆسەر خەستەخانەو قوتابخانەو جێگای تری مەدەنی ریشەی لەو راستیانەدایە.

ئەم کردەوە ئینسانکوژی و کۆمەڵکوژییە ئاشکرایە، پێچەوانە بەهەموو بەهایەکی ئینسانی و تەنانەت بە ریساکانی جەنگە، ئێمە لە کاتێکدا سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیان و لەهەموو ئینسانیکی دڵ پڕ لەغەم بۆ ئەم تراژیدیا ئینسانییە دەکەین و بەتوندی ئیدانەی ئەم تاوانکارییە دەکەین، هاوکات لامان وایە تەنها هێزی ئینسان دۆست و ئازادیخوازی دنیایە، کە دەتوانێت ئەم تاوانکارییە وەکو تاوانی جەنگ بسەپێنە سەر نەخشەدارێژەران و جێ بەجێکارانی و بە دادگایەکی عادلانەی ئینسانیان بسپێرێت، ئێمە لەپاڵ ئەم بەرە ئینسان دۆست و پێشکەوتنخوازەداین.

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە**

**١٨/١٠/٢٠٢٣**



# دوودڵی ئیسرائیل لە دەستپێكردنی هێرشی زەمینی

**نووسینی: عوسمان حاجی مارف**



جگە لەو دڕندەیی و بەربەریەتەی ئیسرائیل بە بۆردمان لەبەرامبەر دانیشتوانی غەززەدا ئەنجامی ئەدات، باس لەوە دەكرێت كە حكومەتی ئیسرائیل هێزەكانی خۆی كۆدەكاتەوە وەك ئامادەكارییەك بۆ هێرشێكی زەمینی بەرفراوان بۆ سەر غەززە، ئەمەش سروشتی بنەڕەتی ململانێكان دەگۆڕێت. ئیسرائیل فەرمانی بە دانیشتوانی باكوری غەززە كرد بەرەو باشووری كەرتی غەززە بڕۆن، بۆ ئەمەش ستراتیژێك جێبەجێ دەكات كە هێزەكانی ئیسرائیل بە ئاشكراو بە بەر چاوی دنیاوە، لە ڕێگەی كوشتارێكی بێشوماری دانیشتوانی غەززەو وێرانكردنی شارەكان، وردە وردە بزووتنەوەی حەماس لە گۆشەیەكی غەززەدا گەمارۆ بدات.

هەرچەندە لەم ڕۆژانەدا ئیسرائیل وای نیشاندا هێزەكانی ئامادەن بۆ هێرشی زەمینی، بەڵام دواخستن یان خۆدزینەوە لە هێرشی زەمینی بۆسەر غەززە، بە بیانوی چاوەڕوانی هاتنی هێزی زیاتری دەوڵەتی ئەمریكا بۆ ناوچەكە، دەكرێت ئەو چاوەڕوانییە هۆكارێك بێت، بەڵام لەهەمان كاتدا ئیسرائیل بۆ خۆی ئاماژە بەوە ئەدات، كە هێرشی ئێران بۆ سەر هێزەكانی لە ناوچەكەدا مەترسییە بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو جەنگە بە زیانی گەورە بۆ سەر خودی ئیسرائیل.

هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەمریكا ڕایگەیاندوە، وڵاتەكەی پێشبینی دەكات شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە ڕێگەی تێوەگلانی ئێران و هاوپەیمانەكانیەوە پەرە بسێنێت، بۆیە پلانی دەست پێكردنیان بۆ ئەو هێرشە زەمینیە فراوانە سەختی زۆری لەبەردەمدایەو ئاسان نییە بۆیان.

ئەمریكا، ئیسرائیلی ئاگاداركردۆتەوە كە بەنیازە هێزی ئەمریكی زیاتر ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بكات، ئەمەش وەك ئامادەكاریەك بۆ مانۆڕی زەمینی، بەهۆی ترسی زیادبوونی هێرشەكانی ئێران بۆ سەر هێزەكانی لە ناوچەكەدا، گوایە لەگەڵ ئیسرائیلیش ڕێككەوتن، چاوەڕێ بكەن و هێرشی زەمینی دوابخەن تاوەكو هێزی دیكەی ئەمریكی دەگاتە ناوچەكە.

پێم وایە هۆكاری دواخستنی ئۆپەراسیۆنی زەمینی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بە ئامادەبونی هێزەكانی ئەمریكاشەوە، ناتوانێ سەركەوتنی ئیسرائیل لەم شەڕەدا مسۆگەر بكات، چونكە هێرشی زەمینی شەڕەكە دەباتە قۆناغ و دۆخێكی پێچیدەترەوە، كە كۆتایی شەرەكە دەباتە ناو ئایندەیەكی نادیارەوە، ئەوكات حەتمیەتی كێشكردنی لایەنی تر بۆ ناو شەڕەكە ناچارییەك دەبێت، بە تایبەتی بۆ تەواوی ئەو هێزو لایەنانەی لە بەرامبەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا و ڕۆژئاواو ئیسرائیلدا ناكۆكن و بەرژەوندی جیاوازیان لەسەر دیاریكردنی "نەخشە"ی ناوچەكەدا هەیە، هەلومەرجی گێژاوو ناجێگیری سیاسی لە ناوچەكەدا قوڵتردەكاتەوەو كارەسات وماڵوێرانی و ئاوارەیی و كوشتنی زیاتری بە كۆمەڵ ئاكامەكەی دەبێت، هەروەها هێرشی زەمینی بە واتای چونی هێزە سەربازییەكان بۆ ناو شارەكان، ئەمەش ئەو پرسیارە دێنێتە پێشەوە، ئاخۆ هێزەكانی ئیسرائیل چەندە توانایی و نەفەسی درێژی شەڕكردنی ناو كۆڵان و جادەكانی ناو شارەكانی غەززەیان هەیە، بە جیا لەمەش چەندە پرۆژە یاسای شەڕەكە فراوانتر بێت، قەیرانی ناوخۆی ئیسرائیلیش گەورەتر دەكات، هەر بۆیە ناتانیاهۆ ناتوانێ پەلە بكات لە جێبەجێكردنی ئۆپەراسیۆنەكەی لە ئاستێكی بەربڵاودا، ناتانیاهۆ بۆخۆشی دڵنیا نییە لەوەی كە بچێتە ناو ئۆپەراسیۆنی زەمینی لە ئەنجامی ئامۆژگاری هەندێك لە ڕاوێژكارە سەربازیەكان. چونكە پڕۆژە یاساكەی فراوانتر دەبێت و قەیرانی ناوخۆش گەورەتر دەكات.

ناتانیاهۆ تا ئێستا ئەوەی پێ باشترە كە لەسەر بنەمای بۆردومان و لەناوبردنی بەردەوامی دامودەزگا و دامەزراوەكان و وێرانكاری و كوشتنی بە كۆمەڵی دانیشتوان و خوڵقاندنی فەزای توقاندن و كوشتاری خەڵكی مەدەنی، تەسلیم بوون بەسەر حەماسدا بسەپێنێت، كە تائێستاش دەستكەوتی ڕزگاربوونی ناتانیاهو لەو قەیرانەی دەرگیری بووە بەدەست نەهاتووە، بۆیە تابێت دڕندانەتر و بێبەزیانە و ڕیسوایانە بۆردومانەكانی چەند بارە دەكاتەوە.

ناتانیاهۆ ئێستا بە جۆش و خرۆش نییە بۆ چوونە ناو ئۆپەراسیۆنێكی فراوانی زەمینی، چونكە ترسی هەیە ئەنجامەكان لەڕووی سیاسیەوە بۆ یەكجاری و بۆ هەمیشە لەناوی ببەن، بەتایبەتی ئەگەر سەپرایزێكی چاوەڕواننەكراو و مەترسیدار بۆ سوپا یان هەواڵگری ئیسرائیل لە ناوخۆی غەززەدا ڕوودات، واتە بەردەوام بون لە بۆردومانكردن و كوشتن و لەناوبردن بەباشتر دەزانێت تابكەوێتە ناو تەڵەیەكی كوتوپڕەوە. لەوانەیە دەستكەوتە سەربازیەكان تا ئاستێك لە ڕێگەی بۆردومانەوە بەدەست بهێنێت، وەك تێكدانی تونێلەكان یان هەریەكێك لە توانا سەربازیەكانی حەماس تێك بشكێنێ، یان لە تیرۆركردنی سەركردەكانی بەردەوام بێت، گەر سەرزارەكێش بێت، هەوڵئەدات بەو ڕێگەیە جۆرێك لە سەركەوتن ڕاگەیەنێت، ئەمەش دۆخەكەو ڕوداوەكان چەند یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەو پلانە باسێكی ترە.

درێژە كێشانی دۆخەكە بەو چەشنەو نەگەیشتن بە ڕاگەیاندنی سەركەوتن! ئەوكات ئیسرائیل و ئەمریكا ناچار دەبن هەڵبژاردەی ڕیسكی ئۆپەراسیۆنی زەمینی بگرنە بەر.

دواخستنی ئۆپەراسیۆنی زەمینی وەك لەسەرەتا ئاماژەم پێدا تەنها پەیوەندی بە چاوەڕوانی ئامادەبوونی هێزەكانی ئەمریكاو سوپای ئیسرائیلەوە نییە، چونكە قەیرانی دۆخەكە لەم شەڕەدا لەوە دژوارترە كە هێرشی زەمینی توانای یەكلاییكردنەوەی شەرەكە نیشان بدات، بەڵام لە هەر حاڵەتێكدا ئیسرائیل هێشتا ناچارە بۆ ڕكلامیش بێت هەڕەشەی چوونە ناوەوەی زەمینی بۆ ناو غەززە بكات بۆ لەناوبردنی حەماس بە یەكجارەكی و بۆ هەمیشە، هەربۆیە لەوبارەیەوە هەندێ هەنگاوی سەرەتایی نیشانداوەو هێزەكانی جوڵاندوە. لەهەمان كاتدا ئەوەی جێگای باسە، قەیرانێكی جدی لەنێوان ناتانیاهۆ و سەركردەكانی سوپا سەبارەت بە بەڕێوەبردنی جەنگ لە ئارادایە.

ئەمڕۆ حكومەتی ناتانیاهۆ ڕووبەڕووی ئاستەنگی بووەتەوە لە گەیشتن بە بڕیاری ڕێككەوتن لەسەر پرس گەلێكی گەورە وەك پرسی هێرشكردنی زەمینی لەلایەكی تریشەوە پرسی ئەو زیندانییە ئیسرائیلیانەی بە بارمتە گیراون، هەروەها ناكۆكی لەنێوان ناتانیاهۆ و بەرپرسانی باڵای سوپادا هەیە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی پلان و بڕیارەكان، لەلایەكی تریشەوە هەر توندكردنەوەیەكی شەڕەكە لەلایەن ئیسرائیلەوە، مەترسی دەخالەت و هاتنەمەیدانی ئێران و حزبوڵایە بۆ ناو شەڕەكە، كە ئەمەش ڕویدا كێشەكانی كۆتایی شەڕەكەو ئاكامەكانی ئاڵۆزتر دەكات، لە ئاستێكی زیاتردا گەورەترین مەترسی بۆ سەر تەواوی ناوچەكە پێش دەهێنێت.

بۆیە لەلایەك وادەیەكی ڕوون بۆهەنگاونانی لەشكركێشی زەمینی فراوان بۆ سەر غەززە دیار نییە، لەلایەكی ترەوە ناتانیاهۆ ڕووبەڕووی دووفاقی زیاتر لە 200 زیندانی ئیسرائیلی بووەتەوە كە لەلایەن حەماسەوە دەستبەسەر كراون، حكومەتی ئیسرائیل ڕوبەڕوی ئاستەنگی بۆتەوە لە گەیشتن بە بڕیاری ڕون، یان ڕێكەوتن لەسەر پرسە سەرەكیەكان.

بەم جۆرە واقعیەتی شەڕەكە لایەنەكانی خستۆتە بەردەم دۆخێكی وەها ئاڵۆزەوە، كە ناكرێ بیركردنەوەی پلانەكان لەسەر سكەیەكی جێگیر دابڕێژرێن، پێچوپەناكانی ئەم شەڕە لە گێژاوی دەرگیربونی حاڵەتێكدایە جگە لەوەی تەعبیرە لە قەیران و بنبەست و گیژاوێك كە سیستمی سەرمایەداری و وڵاتانی زلهێزی دنیا بەرهەمیان هێناوە، لەهەمان كاتدا خودی ئەم شەڕەش ئەو گێژاوو قەیران و بنبەستەی جارێكی تر بەرووی كۆمەڵگەی سەرمایەداری و وڵاتانی زلهێزی دنیا زیاتر بەرجەستە كردۆتەوە.

ئەوە تەنها ڕاوەستانی بەرەی نارەزایەتی و یەكگرتویی هێزی كرێكاران و زەحمەتكێشان و ئازادیخوازان و كۆمۆنیستەكانە لە جیهاندا ئەتوانن كۆمەڵگەی بەشەری بە كۆتاییهێنانی كۆمەڵگەی سەرمایەداری، بەیەكجاری لەم كارەسات و كوشتارو گیژاو و قەیرانە ڕزگار كەن، گەر ئەم دۆخە بە شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی كۆتایی پێ نەهێنرێت، سیستمی سەرمایەداری و كێشمەكێشی جەمسەرە زلهێزەكانی دنیا بە پلان و بەبێ پلان بەردەوام كۆمەڵگەی بەشەری لەم جۆرە دۆزخەی كە بۆ دانیشتوانی غەززەیان پێكهێناوە درێژە پێ ئەدەن.

بەربەریەتی ئیسرائیل و پشتیوانكردن لە هەر لایەنێكەوە لە كەڵەگایی و بەربەریەتی حكومەتی ئیسرائیل بەسەر خەڵكی فەلەستیندا مەحكومەو دەبێت كۆتایی پێ بێت....

**پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە کەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ/ پرسی مووچەی فەرمانبەران وبایکۆتی مامۆستایان.

## مامۆستا کامەران لەتیف؛ مامۆستاک خوێندنگەی بڵێسەی بنەڕەتی و بەڕێوەبەری سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵانی کوردستان وەڵامی پرسی ڕۆژی ژمارەی داوەتەوە...



پرسی مووچەی فەرمانبەران بەپاشەکەوتکردن، و لێبڕینی جیاجیا تادەگاتە دواکەوتن ونەدانی مووچە بۆپتر لەمانگێك، ماوەی چەند ساڵێکە بەرۆکی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، و بۆتە پرسێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی وماڵی وچۆتە ناو ماڵی هەمووتاکێکی کۆمەڵگەی کوردستان. گەیشتۆتە رادەی پەکخستنی ئابووری وڵات ونانەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی ودەروونی وفەرهەنگی بۆکۆمەڵگە. سەرچاوەکەشی بێتوانایی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کەماوەی پتر لە٣٠ساڵە دووحزبی سەرەکی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە وئەودۆخەیان پێچارەسەرنەکراوە!

دوایین ناڕەزایەتی لەلایەن مامۆستایانی ناوچەی زۆنی سەوزەوە دەستپێکردەوە لەبایکۆتکردنی خوێندنی ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ ە. بەڕای بەڕێزتان وەڵامنەدانەوە وچارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆ نارێککخراوی فەرنامبەران بەگشتی لەداواکردنی مافەکانیان؟ یان بێباکی دەسەڵاتداران لەهەرێم لەبەرامبەر هاوڵاتیان و کۆمەڵگە بەگشتی؟ هەروەها دوای تەجروبەیەکی زۆر لەدەربڕینی ناڕەزایەتی بەشێوەی جۆراوجۆر؛ رێگەچارە چییە؟




**مامۆستا کامەران لەتیف؛** مامۆستاک خوێندنگەی بڵێسەی بنەڕەتی و بەڕێوەبەری سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵانی کوردستان وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە.

دیارە خەڵکی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەردەوام خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕیووە، بە شێوەی جۆراوجۆر هەر لە نەبوونی مووچە و خزمەتگوزارییەکان؛ تا دەگات بە نەبوونی ئازادی و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکی کوردستان. ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان داناوە، بە تایبەتی چین و توێژی مووچەخۆر لە چەند ساڵی ڕابردوودا مووچەکانیان پاشەکەوت کراوە یان نیوە موچە و لێبڕین بووە. دەسەڵاتدارانی هەرێم هیچ کات باکیان بە ژیانی خەڵکی کوردستان نییە وبەردەوامن لەسەر برسیکردن و تێکشاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە دەستبردن بۆ ژیان و قوتی فەرمانبەران و مامۆستایان کە ئەویش مووچەکەیەتی، لە بەرامبەر بەمە هەمیشە مووچەخۆران بە تایبەتی مامۆستایان بە شێوەی جۆراوجۆر خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیان دەربڕیوە. ئەمساڵیش لە دەستپێکی خوێندنەوە بایکۆتیان ڕاگەیاند لە ناوچەکەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان وڕاپەڕین وشار و شارۆچکەکان، کە زیاتر لە ٧٠٠ هەزار مناڵ تاکوو ئێستا بێبەشن لە خوێندن، وە زیاتر لە چل ڕۆژە بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندن کراوە. ئەوەی شایەنی وتنە؛ دەسەڵات هیچ وەڵامێکی داخوازییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی نەداوەتەوە بەهۆی لاوازی ناڕەزایەتییەکان کە بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:

یەکەم: بایکۆت و خۆپیشاندانەکان تاکوو ئێستا سەرتاسەری نەبووە، تەنها زیاتر لە ناوچەی سەوز بووە. ئەمەش خاڵێکی لاوازی ناڕەزایەتییەکانە.

دووەم: چین و توێژەکانی مووچەخۆر، ڕێکخراوێکی واقیعی سەرتاسەرک نەبووە. بۆیە دەسەڵات هەمیشە سوودی لە قڵشت و جیاوازی و ناکۆکییەکان وەرگرتووە.

سێیەم: لە ئێستادا زیاتر مامۆستایان ڕۆڵی ناڕەزایەتییەکان دەبینن، فەرمانبەران و مووچەخۆرانی تر بەردەوامن لە دەوامکردن، ئەمەش بۆتە خاڵێکی ترک لاوازی ناڕەزایەتییەکان.

چوارەم: ئەو خوێندنگانەی سەربە کەرتی تایبەتن؛ بەردەوامن لە خوێندن وهیچ کێشەیان نییە، چونکە سەر بە بەرپرسەکانی یەکێتی و پارتین.

بۆیە دەکرێت خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان بەرفراوانتر و کاریگەر و یەکگرتوو بکرێت. هەروەها زیاتر فشار لەسەر دەسەڵات دروستبکرێت تاکوو وەڵام بە داخوازییە بەرحەقەکانی بداتەوە. هەروەها دەبێت خەڵکی کوردستان بە تایبەتی مووچەخۆران وفەرمانبەران ڕیزی ڕێکخراوبوونی خۆیان جیابکەنەوە لە دەسەڵات و نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن ...ئەمە لایەنی کەم زامنی مافە خوراوەکانی مووچەخۆران دەکات...

**دەکرێت خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان بەرفراوانتر و کاریگەر و یەکگرتوو بکرێت. هەروەها زیاتر فشار لەسەر دەسەڵات دروستبکرێت تاکوو وەڵام بە داخوازییە بەرحەقەکانی بداتەوە. هەروەها دەبێت خەڵکی کوردستان بە تایبەتی مووچەخۆران وفەرمانبەران ڕیزی ڕێکخراوبوونی خۆیان جیابکەنەوە لە دەسەڵات و نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن ...ئەمە لایەنی کەم زامنی مافە خوراوەکانی مووچەخۆران دەکات...**



# وڵاتانی ڕۆژئاوا و خاپورکردنی غەززە

نووسینی: بنارمستەفا

وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر خاپورکردنی غەززە و کوشتاری هەزاران کەسی مەدەنی ئەو شارە، نەک بێدەنگ و بێ هەڵوێست بوون، بە شێوەی ئاشکرا لە پشتی ئیسرائیل ڕاوەستاون و حەق بەو تاوانە فراوانانە دەدەن. هەندێک جار لە پاڵ مەحکوم کردنی حەماس و دانی ماف بە ئیسرائیل بۆ "بەرگری لە خۆی"، دەیانەوێت قسەیەکیش بکەن لەسەر خەڵکی مەدەنی غەززە و گەیشتنی یارمەتی مرۆیی پێیان، بەڵام ناتوانن بیشارنەوە، کە چەندە بێ ئەرزشانە تەماشای ژیانی خەڵکی ئەو شارە دەکەن.

دەنگدان لەسەر بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٧ی تشرینی یەکەمدا بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی جەنگ و گەیاندنی یارمەتی مرۆیی بە دانیشتوانانی غەززە، ٤٥ وڵات، لە نێویاندا وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا وەک سوید، دانیمارک، ئەلمانیا و هۆڵندا دەنگیان پێ نەدا. هەوڵیان دا هەڵوێستی پڕ لە شەرمیان بە "نەهاتنی مەحکومکردنی حەماس" پاساو بدەن، بەڵام ئەم دەربڕینە پووچە ئەو ڕاستییە حەشار نادات، کە لە بەرانبەر خواستی ڕاگرتنی جەنگ وەستانەوە و ئاشکرا ڕەوایەتیان دا بە خاپورکردنی غەززە.

کاتێک بەرپرسانی سەرانی ڕۆژئاوا لەسەر غەززە دەدوێن، ناتوانن قسەیەک بکەن بێ ئاماژەدان بە هێرشەکانی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەمدا. وەک بڵێی کێشەی فەڵەستین تەنها لە چەند هەفتەی ڕابردوودا دەستی پێکرد. لە بێ ئاگاییان نییە، بەڵکو دەیانەوێت بۆردومان و هێرشی بەردەوامی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بە کردەوە تیرۆریستییەکانی حەماس پەردەپۆش بکەن. درک بەوە دەکەن، کە ئیسرائیل تیرۆری دەوڵەتی ئەنجام دەدات و هەر وەک حەماس ژیانی خەڵکی بۆ گرنگ نییە و پشتیوانی لێی مایەی شەرمەزارییە. بۆیە هێندە دەگەڕێنەوە بۆ حەماس، تا هەوڵ بدەن ئاستی ئەو شەرمە دابەزێنن.

وڵاتانی ڕۆژئاوا لە چەند دەیەی ڕابردوودا زۆر گرنگیان دەدا بە "بەها ڕۆژئاواییەکان"، ساڵ بە ساڵ و لە پەیوەند بە ڕووداوە جیاوازەکانەوە دەردەکەوێت، کە ئەم بەهایانە چەندە پووچن و لە پاراستنی بەرژەوەندی بۆرژوازی هیچی تر نییە. لە جەنگی ئوکرانیادا وڵاتانی ڕۆژئاوا یەک دەستە لە پاڵ ئوکرانیا ڕاوەستان و بە مافێکی گرنگیان زانی، کە ئوکرانیا لە بەرانبەر هێرشی ڕوسیا بەرگری لە خۆی بکات. کۆمەکی بەردەوامی چەک و تەقەمەنی بە بەهای ملیاردەها دۆلاریان دەبەخشییە ئوکرانیا و گەمارۆیان خستە سەر ڕووسیا و لە کاروباری نێونەتەوەیی دووریان خستەوە. تەنانەت ڕەزامەند نەبوون وەرزشوانانی ڕووسیا لە ژێر ئاڵای بێلایەنی وەک ئۆڵۆمپیات بەشداری پێشبڕکێکان بکەن.

لە کاتێکدا تاوانەکانی ئیسرائیل، تەنها بە پێی زانیاری دەزگا ڕاگەیاندنەکانی خۆیان، چەند بەرانبەر بەوەی ئوکرانیایە، بەڵام نەک کاولکاری و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی غەززە ڕاینەچڵەکانن و داوای ڕاگرتنی جەنگ ناکەن، بەڵکو بەردەوام حەقانیەت بە هێرشەکانی ئیسرائیل دەدەن.



سەمەرە ئەوەیە، کە جەنەڕاڵ و قسەکەرانی ئیسرائیل زۆر توند دەدوێن و بۆ نمونە باس لە درێژەکێشانی جەنگ بۆ چەند مانگ دەکەن. باس دەکەن لەوەی بە شێوەیەک غەززە بۆردومان دەکەن و دەگۆڕن، کە هیچ کات پێشتر بەخۆوە نەدیبێت، ئاشکرا ڕێگە نادەن خۆراک و دەرمان و سووتەمەنی بگاتە دانیشتوانان و کارەبا و هێڵەکانی پەیوەندیان لە خەڵکی دەبڕن. داوا لە دانێشتوانانی غەززە دەکەن ماڵ و شوێنی ژیانیان چۆڵ بکەن، تا بۆردومانی بکەن... بەجیا لەوەش، کە بەکردەوە دەستی لە هیچ تاوانێک نەپاراستووە. وێڕای هەموو ئەم ڕاستیانە، کە ئیسرائیل خۆی باسیان لێوە دەکات، هێشتا سەرانی ڕۆژئاوا باس لە "مافی بەرگری لە خۆیی" بۆ ئیسرائیل دەهۆننەوە.

خۆشبەختانە لە دەرەوەی کاربەدەستان و سەرانی وڵاتان، خەڵکی ئازادیخوازانی وڵاتان هاتوونەتە سەر شەقامەکان و ئەم ملهوڕییەی ئیسرائیل مەحکوم دەکەن. حکومەتەکانیان شەرمەزارکردووە لە بەرانبەر هەڵوێستی نابەجێ و دەنگنەدانیان لە دانیشتنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕاگرتنی جەنگ. هەوڵی گوشارهێنان بۆ حکومەتی وڵاتانیان، تا هەڵوێستێکی تریان هەبێت لە بەرانبەر کوشتاری خەڵکی غەززە. هەر ئەم هێرشە دەتوانێت سنوورێک بۆ ئیسرائیل و پشتیوانی سەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا دابنێت و کاریگەری دابنێت بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ و کوشتاری خەڵکی غەززە.

**کۆتایی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣**

# جۆرەکانی قوتابخانەو کۆلیژەکان لە سێکتەری پەروەردەی بەریتانیادا

جۆرەکانی قوتابخانە و کۆلێژەکان لە سێکتەری پەروەردەی بەریتانیادا لەناو شانشینی بەریتانیادا، چەند جۆرێک قوتابخانە و کۆلێژ هەن؛ ئەوانە هەندێکیان سەر بە حکومەتن و هەندێکیشیان تایبەت و سەربەخۆن. هەموو منداڵان و گەنجان دەبێ شوێنێکیان پێ بدرێت، کە قوتابخانەی حکومیدا لە ناوچەکەی شوێنی نیشتەجێبوونیاندا لە نێوان تەمەنی ٥ بۆ ١٦ساڵیدا. ئەو قوتابخانانەش هەریەکەیان جۆرێکن لەڕووی بەڕێوەبردن و ئەوانەی سەرپەرشتی دەکەن ئاخۆ حکومین یان ئەهلی. بۆ قوتابخانە حکومییەکان، دایک و باوکان دەتوانن خۆیان هەڵیبژێرن لە نزیکی ماڵی خۆیان و بڕیاردەن کە منداڵەکەیان بچێتە کام قوتابخانە. بۆئەوەی لە قوتابخانەی ڕێزمانییدا شوێنیان دەستکەوێت، قوتابیان داوایان لێدەکرێت تاقیکردنەوەیەک بکەن و نمرەی پێویست بێنن. بۆ خوێندنی زیاتر بەرەو پۆلی شەش (Six Form)و زیاتریش، پێویست بە بڕوانامەی پێشتر دەکات، بەڵام ئەویش پشت دەبەستێ بەو کۆرس و پرۆگرامەی کە قوتابی یەکە داوای دەکات. قوتابخانە حکومییەکان:




قوتابخانە حکومییەکان، ئەوانەن کە لەناو شارەوانییەکان و حکومەتە خۆماڵیەکاندا هەن و ئەوانەن کە دەبێ هەموو قوتابیان بتوانن تێیدا بخوێنن و سودمەند بن. سودە پەروەردەییەکانی ئەو جۆرە قوتابخانانە: ئەو قوتابخانانە وا دروستکراون و دیزاین کراون کە هەموو قوتابیانی تێدا پەروەردە بکەن، جا داواکاری یە کەسیەکانیان و پێویستییەکانیان هەرچی یەک بێت، دەبێ بەوپەڕی توانای خۆیان خزمەتیان بکەن. دەرفەتە پەروەردەییەکانی بەردەستن پشت دەبەستن بە تاک بە تاکی قوتابخانەکان و ڕۆح و ناواخنی قوتابخانەکان. هەوڵ دەدەم لە نوسینەکانی داهاتودا بە زنجیرە باسی هەموو جۆرەکانی قوتابخانە دەوڵەتییەکان یان حکومی یەکان بکەم کە گرنگترینیان ئەمانەن. ١- قوتابخانەی دارستان ٢- قوتابخانەی وەقفا ( ئایینی) ٣- قوتابخانەی ناوەندی ٤- ئەکادیمی یەکان و قوتابخانەی بەخۆڕایی ٥- قوتابخانەی کۆمەڵگەیی ٦- قوتابخانەی ڕێزمانی ٧- قوتابخانەی تایبەتمەند ٨- قوتابخانەی تایبەتی ٩- قوتابخانەی سەربەخۆ ١٠- قوتابخانەی نێودەوڵەتی ١١- قوتابخانە بەریتانی یەکانی دەرەوەی وڵات ١٢- قوتابخانەی سنوورەکان ١٣- کۆلێژەکانی خوێندنی زیاتر. ١٤- کۆلێژەکانی Six Form. ١٥- کۆلێژە تایبەتمەندەکان لە نوسینەکانی داهاتوودا بەپێی توانا باسی یەک بە یەکی ئەو قوتابخانانەو سودەکانیان دەکەم.

*.** سەرچاوە: Certificate in Supporting Teaching and Learning

ئامادەکردنی: هاوژین ڕەشید

# فەیروز

## وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: هاوژین ڕەشید

لەدایکبووی بەرواری ١٩٣٥/١١/٢١ ئەو ناوی ڕاستەقینەی خۆی (نیهاد ڕەزاق وەدیع حەداد)ە هونەرمەند و گۆرانیبیژێکی عەرەبەو لە چیاکانی لوبنان لەدایکبووە، بەڵام دواتر لەگەڵ خێزانەکەی کۆچیانکردووە بەرەو شاری زیقاق لە بەیروت. سەرەتا وەکو ئەندامی کۆرس دەستی بە گۆرانی گوتن کرد لە ڕادیۆی لوبناندا لەژێر



بەڕێوەبەرێتی مۆسیقاری بەتوانا محمد فلیفل. حەلیم ڕوبی بەڕێوەبەری ڕادیۆیەکە بۆی دەرکەوت کە فەیروز دەنگی زۆر خۆشەو دەتوانێ ببێتە هونەرمەندێکی دیاری ئەو وڵاتە. بۆیە هەندێ گۆرانی بۆ تۆمارکرد و ناوی فەیروزیشی بۆ هەڵبژارد وەک ئاماژەیەک بۆئەوەی کە دەنگی ئەو کچە وەکو بەردی فەیروز جوان و گرانبەهایە. لەگەڵ حلیم ڕۆمی گۆرانی یەکی دوێتیان گوت ناوی (ئاشقی گوڵ) بوو. دواتر دوو برای ناسین کە بەهۆیانەوە گەشتی ژیانی هونەری فەیروز دەستپێکرد کە بەرهەمەکەی بریتی بوو لە سەدان گۆرانی و ئاوازی جوان تاکو ئەمڕۆ لەگەڵیشیدا چەندان گۆرانی سەر شانۆی زۆر بەناوبانگ و باش لەوانە گۆرانی (ئەڵقە فرۆش) (خەوی تەندروست) و (دوورڕ و مەرجان) (شنەی شەماڵ) کە توانییان سنووری جوگرافیانی وڵاتانی عەربی ببڕن بەرەو ئەوروپاو ئەمریکا و وایکرد خەڵاکانێکی زۆری بواری هونەر دەستپێشخەری بکەن تا لە بواری هونەریدا یارمەتی بدەن و شانازی ئەوەیان پێ ببڕێت لەگەڵ فەیروزدا دەرکەون لەوانە محمد عبد الوهاب و محمد حسن و زکی ناسف. لەگەڵ هاوڕێیەکی شانۆکاریدا هاوسەرگیریکرد و چوار منداڵیان بووون پێکەوە کە یەکەمیان هونەرمەندی بەتوانا زیاد ڕەحبانی یە کە درێژەپێدەری ڕێبازی دایکیەتی و توانیویەتی ئاواز بۆ زۆرێک لە گۆرانیەکانی دایکی دابنێت. فەیروز زۆر ناسناوی جوانی بەدەستهێناون لەوانە: باڵیۆزەکەمان بەرەو ئەستێرەکان، دراوسێی مانگ، بولبولی سەر خاکی لوبنان.. سەرۆکی لوبنان انزاک کمیل شمعون ڕێزلێنانی بۆ کرد و وەسامی (ئەسپسواری) پێبەخشی لەپای ئەوهەموو سەرکەوتنەی لەبواری هونەریدا بەدەستیهێناوەو ناوی لوبنانی بەرزکردۆتەوە. وە حکومەتی لوبنانیش فەرمانی هەمیشە نەمری بۆ ناوی فەیروز دەرکردووە... شایانی باسە، ڕژێمی بەعس زۆر هەوڵیدا فەیروز گۆرانی بەسەر سەرۆکی دیکتاتۆری عیراق سەدام حسێندا بڵێت، بەڵام ئەو ئامادەی ئەو داواکاری و گوشارانە نەبوو، بۆیە لەجێگای ئەوە گۆرانی بەسەر بەغدادا وت.



بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەو ژمارەیەکیدا لە هەلومەرج و پرسی یەکسانیخوازانە...

پرسی ژن

تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر ژنان و خستنە رووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و

بەرپرسی ؟ گۆشە، هاوژین ڕەشید

haw1986zhin@gmail.com



# هەرگیز درەنگ نییە!!

## هاوژین ڕەشید

لە تەمەنی ١٧ساڵیدا داواکاریەکەی ڕەتکرایەوەو لە کۆلێژ وەرنەگیرا. لە تەمەنی ٢٥ساڵیدا، دایکی بەهۆی نەخۆشییەوە، کۆچی دوایی کرد. لە تەمەنی ٢٦ساڵیدا، کۆچی کرد بۆ وڵاتی پورتوگال و لەوێ بوو بە مامۆستای زمانی ئینگلیزی. لە تەمەنی ٢٧ساڵیدا، ژیانی هاوژینی پێکهێنا. مێردەکەی زۆر لەگەڵی خراپبوو و ئازاری دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کچێکی بوو. لە تەمەنی ٢٨ساڵیدا جیابۆوە لە هاوسەرەکەی و توشی نەخۆشی دەروونی خەمۆکی بوو زۆر بەسەختی دەینالاند بەدەستییەوە. لە تەمەنی ٢٩ساڵیدا، ئەو دایکێک بێ هاوسەر و هاوڕێ بوو و بە پارەی حکومەت دەژیا. لە تەمەنی ٣٠ساڵیدا، دۆخی دەروونی وا تێکچوو کە حەزی نەدەکرد چیدی لەسەر ئەو زەمینە بژی. بەڵام هەرچی هێزی خۆی بوو و حەزو خولیای خۆی کۆکردەوەو ئاڕاستەی کردن بۆ ئەوکارەی کە زۆر زۆر حەزی لێبوو. ئەویش کاری نوسین بوو. لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا، لەکۆتاییدا توانی یەکەم کتێبی خۆی چاپ کات. لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا، ٤ کتێبی دەرکردبوو و بە نوسەری ساڵ دەستنیشان کرابوو و نازناوی نوسەری ساڵی وەرگرت. لە تەمەنی ٤٢ساڵیدا ١١ملیۆن نوسخەی لە کتێبە تازەکەی فرۆشتن تەنها لە یەکەم ڕۆژی دەرچوونیدا! ئەوەی باسی دەکەین ئەو ژنەبوو کە ناوی J K Rowlingە. بیرتانە چۆن لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا بیری لە خۆکوشتن دەکردەوە؟ ئەمڕۆ،



زنجیرە کتێب و فیلمی هاری پۆتەر براندێکی جیهانییەو نرخی زیاتر لە ١٥ بلیۆن دۆلارە. هەرگیز وازمەهێنە. باوەڕت بەخۆت بێت و بە حەزەوە بژی. زۆر بەجدی کاربکەو هەمیشە لەبیرتبێ: هەرگیز درەنگ نییە!

# کارکردن بە منالاّن....



کارکردن و بە منالاّن و تازە لاوان، دیاردەیەکی تازە نییە و لەو کاتەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی سەریهەڵداوە، کارکردن بە منالان و تازە لاوان لەلایەن چینە چەوسێنەرو چاوچنۆکەکانەوە دەستی پێکردووە. کارکردن چ لە سەردەمی کۆیلەداری و چ لە سیستەمی دەرەبەگایەتییدا بە مناڵان یەکێک لە دیارە هەرە شەرماوەرەکانی ئەم نیزامانە بووە، جیا لەوانە لە نیزامی سەرمایەداریشدا، کە کارکردن لە پێناو قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدایە، نەک بۆ وەڵامدانەوە بە پیداویستی ئینسانەکان، خودی ئینسانیشی کردووە بە کاڵا، لەو نیوەدا کارکردن بە مناڵان لە سیستەمی سەرمایەداریدا لەکەیەکی قیزەونە بەناوچەوانی ئەم نیزامەوە، مژینی شیلەی ناسکی مناڵان و شیلانی جەستەیان، لە پێناو قازانجدا تا ئیستا لە زۆرێک لە ولاتانی دنیادا پەیرەو دەکرێت و دەخرێنە بەردەم کارکردن، یان لەپێناو بەڕیوەچوونی خیزاندا مناڵان دەخرێنە بەردەم بازاری بێ ڕەحمی سەرمایە و ناچار بەکارکردن، دەکرێن... ئەم وینەیەی خوارەوە وینەی ئەو سێ منالّەیە کە لە کارگەی ماسیدا کاریان پیکراوە و ئیستاش بە ملیۆنان منالّ لەسەراسەری دنیادا، لە جێگای لەزەتکردن لە ژیانی منالّیان و خۆشیەکانی لە بازاری بێرەحمی سەرمایەداریدا، جەستەی ناسکیان بەوێنەی ماکینەیەک بۆ قازانج پەرستی سەرمایە لەگەڕدایە...

کارکردن لە سەعات ٤ی بەیانی یەوە دەستی پێکردووە بۆ سێ کچی کرێکاری کارگەی ماسی لە ساڵی ١٩١٢ باشوری کارۆلاینای وڵاتی ئەمریکا. جۆسی تەمەن ٦ساڵ و بێرثای ٦ساڵ و سۆفی ١٠ساڵ. ئەو وێنەیە نیشانمان دەدات، کە لەو سەردەمەدا منداڵانیش کاریان پێ کراوە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان...

**خودی ستەمکێشیی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و کردوویەتیە یەکێك لە کۆڵەکەکانی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگە کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ ...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاوەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام

# خەونی مەرگ... کەژاڵ ئیبراهیم خدر



1

ئەمشەو دڵم بۆنی مەرگ لێدێ
بەهەشت ئاهەنگی وەرینەو
سەمای دڵم تارماییەکە بۆخۆی
بەختەوەریم شەپۆلێکی
وێرانەیەو
رەنگی سپی بەسەر دەریای
تەمەنمدا دەرژێ
باڵای چنارم، چرۆی لێوم
بۆنی ماڵئاوای دەکاو
خەیاڵی رۆحم پێم دەڵێ
ئەمشەو دواماچی کۆتایەو
وەرزی بەهار گوڵی باخت تێر ئاو
ناکا

2

ئەمشەو خەونی مەرگ دەبینم
رەنگی سەوز بەسەر شووشەی
سنگمدا دەدرێ و
سێبەری مردن تێکەڵ بەمن
دەبێ،
رووناکی چاوو، خەندەی لێوو،
هاژەی فرمێسکم
دەکاتە دەروازەیەکی کۆتایی و
نایەوێت ساتە جوانەکانی
درەخت و گەڵاو، وەرزی تەمەنم
بنوسنەوە

3

ئەمشەو دڵۆپێک باران
پەنجەرەی وشە،
گوڵاڵەی شعرم تەڕناکات و
نابارێت بەسەر خونچەی
روخسارمدا
تەنهایی باوەشێک گەڵای زەردی
بۆهێناوم
غەریبی بۆتە هاورێی
چارەنووسم

4

ئەمشەو نهێنیەکانم، لەگەڵ
خۆمدا
دەکەمە تاسەی دووری و
زەنگی مردن دەکەمە دەزگیرانم

5

من دەمەوێت کاتێک مەرگ
رووناکی چاوم دادەپۆشێ
لەخۆم زیاتر
جوانی گوڵە کێویلەو
دەنگی نەغمەی بولبول و
هاژەی رووباری سەرشێت و
زەردی گەڵای پایزو
برینی جەستەی هەژاران و
هیوای دووری کەس نەبیستم
من دەمەوێت لەخۆم زیاتر
چێژ لەدیدەی کەس وەرنەگرم
دەمەوێت دەنگت پێم بڵێ
بێنە رووخساری ژاکاوت
تاکوو جوانیەکانی
تێدا حەشاردەم و هەڵیکێشم

6

ئەوە منم بەچاوی پڕ
لەفرمێسکەوە
بەرووخساری پەشۆکاو و
بەجەستەیەکی شەکەتەوە
لەئاوێنەی تەمەنمەوە دوور
دەڕوانم
هێمنتر لەجاران
بەهیلاکی و ماندووبوونەوە
لەژێر سێبەری بێ دەنگیدا
بەهیوام ژیان میهرەبانیم بداتێ
کەلەمێژە خەونی پێوە دەبینم

7

من دەترسم کاتێک مەرگ
سۆراخی من دەبات بۆخۆی
پەڕەی شعرو وشەکانم
گوڵێکی تر نەکاتە تریفەو
پانتای دەشتێکی بەرین

8

ئەمشەو مردن پەیکەرێکە
وەکوو میوان، باوەش بە
تەنهاییما دەکاو
لێووی وشک بووم تەڕناکا
بەڵام چی بکەم، دڵەی شێتم
پێم دەڵێت خۆشم دەوێیت

9

من دەزانم چارەنووسم چی
بەسەر دێ
ئێستاکە دەمەوێت بڕۆم و
بەڵام نازانم
کەی بیر لەتۆ دەکەمەوە

10

ئەمشەو دەبم بەخۆم
گڕی عەشق لەدەروونمایە
دەبم بەگڕ بەناخی خۆمدا
دەتوێمەوە

11

ئەمشەو دەبمە ئەستێرەو مانگ
دەبمە پەپوولەیەکی بێ باڵ
دەبمە شەونمی سەردرەخت
دەبمە کانیلەیەکی جوان
دەبمە پرچی کیژۆڵەیەک
شانەی دەستی بۆم داینێ

12

دەمەوێت بڕۆم و
واز لەخۆشەویستی و مەرگ
بێنم
دەمەوێت
بگەڕێمەوە تەمەنی منداڵی و
بۆ بووکەشووشەیەک تێر بگریم

******



# کوردستان لە نیشتمانێکەوە بۆ کۆگایەکی سەربازی
# بۆچی لە کوردستان
# هێرش دەکرێتە سەر هێزەکانی ئەمریکا؟!....

## نووسینی: ئیدریس مستەفا

کاتێک ساڵی پارەکە هێرش کرایە سەر باڵەخانیەک لە هەولێر، لەلایەن نوسەر و پەیامنێرە عەرەبە شۆڤینیەکانەوە وا باس کرا کە ئەوە بنکەی مۆسادی ئیسرائیلی بووە بۆیە ئێران بەر موشەکی داوە. عەبدولباری عەتوان، کە هەموان دەیناسین، لە بەرنامەکەی خۆیدا ئەمەی بە ئاشکرا گوت. منیش پرسیارێکم لێکرد و گوتم: بەڕێز عەبدولباری عەتوان خۆ گەورەترین بنکەی مۆسادی ئیسرائیلی لە ناوچەکەدا لە باکۆی پایتەختی ئازربایجانە، ئەی بۆ ئێران ئەوێ بەر موشەکی دوورهاوێژ نادات؟. پرسیارەکەی وەڵام نەدایەوە و بە ئاسایی وەرمگرت، چونکە ئەو وەڵامی پێ نییە، بەڵکو هەر دەیەوێ قسەیەک بکات لەسەر رووداوێک. بەڵام، ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە کوردستان هەدەفێکی ئاسانە و باجی لەسەر نییە بۆ هەر کەس و لایەن و دەوڵەتێک گەر هێرش بکەنە سەری.

جگە لە کوردستان، جار نا جارێ عێراقیش، لە هیچ شوێنێکی تری ناوچەکە هێرش ناکرێتە سەر هێزەکانی ئەمریکا. هەروەها هیچ شوێنێکی ناوچەکەش هێندەی کوردستان هێرشی وڵاتانی ناوچەکەی ناکرێتە سەر بێ ئەوەی ئەو هەرێمە هیچ زەرەرێکی بۆیان هەبووبێ بگرە قازانجی لە سەداسەدی بۆیان هەبووە.

یەکێک لەو تێگەیشتنە هەڵانەی لە کوردستان باوە ئەوەیە گەر ئەمریکا بنکەی سەربازی هەبێ یاخود ئامادەیی هەبێ بە چەکەوە ئەوا ئیتر نیشانەی دڵخۆشیە لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان، گوایە کوردستان دەپارێزێ لە وڵاتانی دەوروبەر، دووەمیشیان ئەوەیە کە پشتیوانیەکە بۆ هەنگاوی جیابوونەوە یان بەلایەنی کەمەوە سەربەخۆیی ئیدرای و ناوچەیی وەی ئەوەی لە رۆژاڤا و باشور دەیبینین.

سیاسەتی ستراتیجی دەرەوەی ئەمریکا کە لەسەر دەستی هنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا و هەردەم ستراتیجستی ئەمریکا ساغ بۆیەوە، لە کتێبی "دیپلۆماسی"دا کە ساڵی ١٩٩٤ لە نوسینەوەی تەواو بوو، بە روونی دەڵێت لە بەرژەوەندی ئەمریکادا نییە هیچ کێشەیەک بە تەواوی چارەسەر ببێت، بەڵکو ئەو کێشانە هەردەم دەبێ بە نیوەناچڵ بمێننەوە. لەبەر مەبنای ئەم سیاسەتەوە سەیری هەموو ئەو جێگایانەی ئەمریکای لێیە، چ وەک وجودی سەربازی یاخود نفوزی سیاسی، نەگەیشتوون بە هیچ ئەنجامێک، بگرە هەموویان هەر بە هەڵواسراوی ماونەتەوە تەنانەت ئەوانەشی پەیماننامەی



نێودەوڵەتی پێ مۆرکردوون وەک فەلەستین و ئیسرائیل ساڵی ١٩٩٣ لە نێوان یاسر عەرەفات و ئیسحاق رابینی سەرۆک وەزیرانی ئەودەمی ئسیرائیل. ئەو پەیماننامەیە بە پەیماننامەی ئۆسلۆ ناوی دەرکرد بۆ یەکەمین جار فەلەستینیەکان لەوێدا دانیان بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا نا وەک قەوارەیەکی یەهودی، هەروەها ئیسرائیلیەکانیش رازی بوون بە دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ فەلەستنیەکان، بەڵام ئەوە سی ساڵی رەبەقە ئەو دەوڵەتە نەک هەر دروست نەبوو، بەڵکو بووە بە کاولەیەک کە ژیانی مرۆڤەکانی بۆ سەدان ساڵ گەڕاندۆتە دواوە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی.

باسی ئەفغانستان ناکەین کە چۆن بۆ تاڵیبانی بەجێهێشت دوای بیست ساڵ، با باسی تایوان بکەین. ساڵانە ئەمریکا ئەو هەموو چەکە بە تایوان دەفرۆشێ و ئەو هەموو ئامادەییە سەربازییەی هەیە کە لە جیهاندا بێ وێنەیە کەچی تایوان وەک بەشێک لە خاکی چینی دایک دادەنێ، ئەم دانپێدنانانە لە سیاسەتی ستراتیجی ئەمریکادا جەسپێنراوە. لە هەمان کاتدا دەڵی دژی هەر هێرشێکی سەربازی چین دەوەستینەوە گەر بیەوێ بە تۆبزی تایوان بلکێنێتەوە بە چینەوە.

بۆ کوردستان هەر هیچ باسێک نییە لەو بارەیەوە. زیاتر لە سێ دەیەیە باشوری کوردستان لە ژێر چەتری سیاسەتەکانی ئەمریکادا سەربەخۆیە کەچی ئیستاش و دوای ئەو هەموو ریسوای و تەشقەڵانەی لە جنوب پێی دەکرێ و پێی کراوە کەچی بەغداد بە سیمای رەسمی عێراق دادەنێت و دەڵێ بۆ هەموو شتێک دەبێ بچنەوە بەغداد. بۆ رۆژاڤاش هەر وایە... ئەوە دەیەیەکە لە سوریایە و بە کردەیی رۆژاڤا بووە بە هەرێمێکی سەربەخۆی ئیداری و جوگرافی و سیاسی کەچی هیچ رێکەوتن و پابەندییەکی سیاسی لەگەڵدا مۆر نەکردووە، بەڵکو تەنها چەکیان پێ دەدات گەر باریان بکەوێتە لێژی ئەویش بۆ گیان داعش ئەگینا لە بەرامبەر هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بێ دەنگی هەڵبژاردووە.

لە چەند رۆژی رابردوودا دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆیەوە کە ئەمریکا بە نیازە سیستەمی موشەکی بەرگری ئاسمانی بداتە هاوپەیمانەکانی وەک سعودیە و ئیسرائیل و لەوانەش کوردستان. دیارە قورسە ئەو هەواڵە بۆ کوردستان راست بێ، بەڵام گەر واشبێ ئەوا جگە لە قەباعەتێکی تر هیچی تری لی سەوز نابێ بۆ ئەو وڵاتە چونکە ئاسانترین شتێک بباریێ لە ئاسمانی ئەو وڵاتەدا موشەک و بوردوومانەکانی وڵاتانی دەورووبەرە و تا ئیستاش دەیان و سەدان جار روویداوە بێ ئەوەی ئەمریکا هیچ فزەیەکی لێوە بێ ئەوە باسی هەڵوێست هەر مەکە.

هۆکاری هەموو ئەمانەش دوو شتە:

یەکەم، ئەمریکا کوردستان بە کۆگایەکی سەربازی دادەنێ نەک نێشتمانێک کە ملیۆنان مرۆڤ خەونیان ئەوە بوو رۆژگارێک ئەمریکا بێت و وەک ئیسرائیل پشتیوانی قەوارەیەکی سیاسی دەوڵەتیان بۆ دابمەزرێنێ. وجودی سەربازی ئەمریکا لە باشور و رۆژاڤا جگە لەوەی وڵاتەکە وەک کۆگایەکی سەربازی بەکاردەهێنێ هیچی تر نییە؛ ئەگەرنا، سی ساڵ لە باشور و دە ساڵ لە رۆژاڤا ئەمریکا یەک پیتی لەسەر کاغەز دانەناوە بۆ پشتیوانیەکی سیاسی لە کورد.

دووەم، لەو روانگەیەوەی ئەمریکا هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات و هەموویان بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە وای کردووە وڵاتانی دەوروبەر بە کەماڵی خۆیان چۆنیان بوێ ئاوها مانۆڕی سەربازی تیدا دەکەن یاخود موشەک وەک باران دەبارێ بەسەر ئەو وڵاتەدا. ئەم وڵاتە بووە بە کۆگایەکی سەربازی و هەموان چەکی خۆیانی تیدا تاقی دەکەنەوە.

ئەوەی لێرەدا دەمێنێتەوە بیڵێم ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە کوردییەی باشور لە بەرامبەر ئەو بە کۆگایی بوونەدا هیچ دید و سیاسەت و قسەیەکی نییە جگە لەوەی تەماشەکەرێک بێ گەر بەشداریکەرێکی جدی ئەو دۆخە نەبێت. ئەم تەماشاکردنەیە کە دەستی هەموانی والاکردووە هەر لە ئەمریکاوە تادەگات بە هەر دەوڵەتێکی ناوچەکە نیشتمانەکە وەک کۆگایەکی سەربازی ببینین!

**وێنەکان: باڵەخانەکەی پارەکەی هەولێر و فڕۆکەخانەی هەولێر و بنکەی سەربازی ئەمریکا لە هەولێرە..**

**لەو روانگەیەوە کە ئەمریکا هیچ کێشەیەك چارەسەر ناكات و هەموویان بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە وای کردووە کوردستانیش وڵاتانی دەوروبەر بە کەماڵی خۆیان چۆنیان بویٚ ئاوها مانۆڕی سەربازی تیدا بکەن، یاخود موشەك وەك باران دەبارێ بەسەر ئەو وڵاتەدا. ئەم وڵاتە بووە بە کۆگایەکی سەربازی و هەموان چەکی خۆیانی تێدا تاقی دەکەنەوە...**



# شەڕی ئێستای فەلەستین و ئیسرائیل شەڕی خاکە یان ڕیشەیەکی دینیی مێژوویی هەیە لە نێوانی ئامۆزاکاندا؟

نووسین و ئامادەکردنی: حەسەن ڕازانی



دڵم ژان دەکا و تەواو خەفەت دام دەگرێ کە منداڵێکی کورد دەکوژرێت، دەگیرێ، ئازار دەدرێ یان ماڵە کوردێک خاپور دەکرێ یان دەربەدەر دەکرێ یان گوندیکی کورد، شارێکی کورد بۆمباباران دەکرێ و تەڕو پوش بەیەکەوە دەسووتێنرێت، هەرئاواش بۆ فەلەستینییەک و نەتەوەو ڕەگەزو کەسێکی سەر بە ئایینێکی جیاوازی تریش، بۆ نموونە جولەکەیەک، دڵم ژان دەکا. مێژوو سەلماندوویەتی کە شەڕ بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراوی تێدایەو زۆرینەی خەڵک تێیدا زەرەرمەند دەبن. من دژی شەڕم جا لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە هەبێ. پڕیشکی شەڕو کاریگەرییەکانی شەڕئەگەر لە تۆرە بۆرەی ئەفغانستانیش بێت ئەوا، لە دنیای عەولەمەی ئەمڕۆدا، کاریگەریی خراپی ئەو شەڕە درەنگ یان زوو دەگاتە هەرێ شوێنە دوورەکانی تریش. بۆیە دژی شەڕو کوشتارم و نەفرەت لە شەڕو خاپوورکردن، نەفرەت لە داگیرکاریی و فراوانخوازی و نەفرەت لە باڵادەستخوازی نەتەوەو ڕەگەزو ئایینێک بەسەر ئەوانەی تردا!

## چاوخشاندنێک بە ڕابردووی ئەو دوو ئامۆزایەدا،عەڕەب وجولەکە، کە دەگوترێت لە یەک بەرەبابن!

بەڵگەی مێژوویی، کە ڕای گشتی لەسەر بێ، نییە کە پشتڕاستی ئەوە بکاتەوە جولەکە بوونی نەبووبێت لە ئیسرائیل و تەنها خەڵکی فەلستین، وەک بەشێک لە نەتەوەی عەڕەب، لەو خاکەدا بووبن. مێژووی ئەو دەڤەرە، بە تایبەتی فەلەستین، کە بووەتە لانکی هەرسێک ئایینەکەی خێزانی ئیبڕاهیم، چەندین نەتەوەو ئایین لەو ناوچەیەدا بوون و گەلی جولەکەش بەشێک بوون وەک عەڕەبەکانی فەلەستین لەو ناوچەیەدا ژیاوون و هەبوون. بۆ نموونە بە پێی ئاماری ئەو ناوچەیە لە ساڵی 1880ی زاییینیدا 25 هەزارجولەکە لە ناو فەلەستیندا بوونی هەبووە.

## چۆنیەتی زۆربوونی ژمارەی جولەکە لە ناو ئیسرائیلدا

لە ساڵی 1880 ز دا 25 هەزار جولەکە هەبووە لە ناو فەلەستیندا، لە ساڵی 1882ز بۆ ساڵی 1914 ز نزیکەی 60 هەزار جولەکە لە ئەورووپاوە کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل، لە ساڵی 1919 ز بۆ ساڵی 1931 ز نزیکەی 110 هەزار جولەکە کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل، هەروەها لە ساڵی 1939 ز بۆ ساڵی 1948 ز نزیکەی 120 هەزار جولەکە کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل، وە لە ساڵی 1948ز بۆ سڵی 1952 ز نزیکەی 700 هەزار جولەکە هاتە ناو ئیسرائیلەوە، بەڵام نیوەی ئەو ژمارەیە لە وڵاتە عەڕەبییەکان دەژیان ودوای ئەوەی دەست بەسەر ماڵ و سەروەت و سامانیاندا گیرا لەو وڵاتانە دەرپەڕێنران و ئینجا ڕەوانەی ئیسرائیل کران!

## ئەو وڵاتە عەڕەبی و ئیسلامیانەی کە جولەکەی نێو خۆیان دەرپەڕاندو بەرەو ئیسرائیلیان بەڕێکردن ئەمانەی خوارەوە بەشێکیانن!

140 هەزار جولەکە لە جەزائیرەوە بەرەو فەرەنسا و 25 هەزاریش بەرەو ئیسرائیل بەڕێکران، 75 هەزار جولەکە لە میسرەوە بەرەو ئیسرائیل، بەڵام مەرحەلە بە مەرحەلە بەڕێکران، 38 هەزار جولەکە لە لیبیاوە بەرەو ئیسرائیل بەڕێکران، 265 هەزار جولەکە لە مەغریبەوە بە مەرحەلە بەرەو ئیسرائیل بەڕێکران،100 هەزار جولەکش لە تونسەوە بەرەو ئیسرائیل بەڕێکران،60 هەزاری تریش لە جولەکە لە یەمەنەوە بەرەو ئیسرائیل بەڕیکران و لە عێراقیشەوە 138 هەزار جولەکە بەرەو ئیسرائیل بەڕێکران و لە سوریاشەوە 30 هەزار جولەکەو لە تورکیاو ئێرانیشەوە نزیکەی 60 هەزار جولەکە بەرەو ئیسرائیل بەڕێکران. ئایا ئەو هەموو ژمارەیە لە جولەکە کە دەگاتە نزیکەی 700 هەزار جولەکە لە وەڵاتانی عەڕەبی و ئیسلامییەوە بۆچی وا بە پەلە دەرپەڕێنران و بەرەو ئیسرائیل نێرران؟ بۆچی لێیان نەگەڕان لە وڵاتەکانی خۆیاندا بمیننەوە؟

ئایا دەبێ لۆمەی کێ بکرێت کە ژمارەی جولەکە لە ناو ئیسرائیلدا بەرەو زۆربوون ڕۆیی؟

به بڕوای من، وڵاتە عەڕەبی و ئیسلامییەکان خودی خۆیان لەوبارەوە پشکی شێریان بەردەکەوێت. چونکە ئەگەر عەڕەبەکان جولەکەکانی نێو خۆیان دەرنەپەڕاندبایەو بەرەو ئیسرائییان بەڕێ نەکردبانایە ئەوا بەوشێوەیە و بەو زووە ژمارەی جولەکە لە ناو ئیسرائیلدا زیادی نەدەکردو بۆی هەبوو بارودۆخەکە بەشێوەیەکی تر دەرکەوتبایە. به بڕوای من ئەو جولەکانە دەبوایە هەر لە شوێنی خۆیاندا بمانایەو لەو وڵاتە عەڕەبی و ئیسلامیانە بژیانایە کە لە کۆنەوە لێیان بوون و ببوونە هاوڵاتی ئەوێ! ئەدی بۆچی ئەو کارەیان نەکرد؟ به بڕوای من، وەڵامی ئەو پرسیارە لای وڵاتە عەڕەبی و ئیسلامییەکان خۆیانە!

مێژووی کێشەو ململمانێی نێوان عەڕەب و جولەکە نە لەم ڕۆی حەماسەوە دەستی پێکردووەو نە لە ساڵی 1947یشەوە دەستی پێکردووە کە دەوڵەتی ئیسرائیل بە فەرمی لەو ناوچەیەدا ڕاگەیەنرا! بەڵکو بەڵگە مێژووییەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە مێژووی ئەو کێشەو شەڕو پێکدادانە زۆر لەوە واوەترەو تەنانەت دەگەڕێتەوە بۆ هەرێ سەردەمی سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئایینی ئیسلام لە شاری یەسریبی نێو جزیرەی عەڕەبی کە بە شاری مەدینەی ئێستای سعودیە ناوی دەبرێت.

ئەوێ دەمێ سێ تا پێنج هۆزو قەبیلەی بەناوبانگی جولەکە لە شاری یەسریب و دەوروبەریدا دەژیان و ببوونە خەڵکی ئەو ناوچەیە وەک باقی عەڕەبەکانی تر، بەڵام جیاوازیەکەیان لەگەڵ عەڕەبەکانی ناوچەکەدا لەوەدا بوو کە جولەکەکان تەواوی زەوی و زارو باخە خورماکان و زەویە کشتوکاڵیەکانی ئەو دەڤەرەیان لەبەردەستدا بوو! لەبەرامبەردا عەڕەبەکانی ئەو دەڤەرە خەڵکی هەژارو نەدارو بێ مڵک و بێ باخی دارخورما بوون و هەمیشە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان دەبوایە کاریان کردبایە بۆ جولەکەکان و ئەو کارەشیان لە شانان خۆش نەدەهات!

به پێی گێڕانەوەی ئیسلامیی کە لە نێو مێژووی عەڕەب و ئیسلامدا بە شانازییەوە باسی لێوەدەکەن ئەوەیە کە کاتێک پێغەمبەری ئیسلام لە ساڵی 622ی میلادیەوە لە شارەکەی خۆیەوە کە مەککە بوو کۆچ دەکات بۆ شاری مەدینە. چونکە لە مەککە تەنگی پێ هەڵچنراوەو لە ژێر هەڕەشەی کوشتندا بوە بۆیە پەنای بە هۆزە عەڕەب و جولەکەکانی نێو شاری مەدینە بردووە.

زۆری نەبرد کە لە مەدینەدا ئیسلام بووە خاوەن سووپاو توانای سەربازی و دارایی باش. به پێی گێڕانەوەی مێژووی عەڕەب و ئیسلام گوایە هەندێک بەهانە سەریان هەڵداوە کە جولەکەی ئەو دەڤەرەو بە تایبەتی هۆزە دیارەکانی وەک بەنو نەزیرو بەنو قونەیقاعی جولەکە خەریکی پلان و کاری نابەجێ و دوژمنکاریی بوون لە دژی پێغەمبەرو ئایین و سوپای ئیسلام و دەستیان کردووە بە پەیمان شکێنی لە دژی پێغەمبەرو ئاینی ئیسلام. عەڕەبەکانی ئەو دەڤەرەش هەژاریی تینی پێ هەڵچنیبوون و لە فرسەتێک گەڕاون کە جولەکە دەرپەڕێنن و مڵک و ماڵ و سەروەتیان بەسەرخۆیاندا دابەش بکەن. بەهانەکە دەست دەکەوێت و شەڕی ئیسلام و جولەکە لەوێوەو لەو شوێنەوە دەستی پێکرد.

شەڕەکەی ئیسلام و جولەکە لە نێو مەدینەدا بە کوشتنی سەدان جولەکەو دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی تەواوی جولەکەی ئەو ناوچەیەو دەرپەڕاندنیان لە تەواوی نیوەدوورگەی عەڕەبیدا کۆتایی هات. ئێستا بە چراوشەدایان ئەگەربگەڕێی لە جولەکەیەک یان ماڵە جۆلەکەیەک یان شوێنێکی خوداپەرستنی جولەکە لە نێو نیوە دوورگەی عەڕەبیدا نایدۆزیتەوە! وە ئەگەر ماڵە جولەکەیەکیش یان تاکە جولەکەیەکیش مابێ و خۆی حەشاردابێ، ناتوانێت بڵێت من جولەکەم!

به پێی مێژووی عەڕەب و جولەکە دەبێ ئەو دوانە لەیەک خێزانەوە گەشەیان کردبێ و باپیرەی هەردووکیان ئیبڕاهیمی..

پێغەمبەرەو گوایە ئەو دوو لایەنە ئامۆزای یەکترن! شەڕی ئامۆزاکان دەمێکەو مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. جا ئەگەر ڕاستەوخۆ بە یەکتری نەوێرابن ئەوا ئایینیان لە دژی یەکتر بەکار هێناوە. وە هەر کاتێکیش ئایین و خودایان تێکەڵاو بە کێشەکە کردبێ حەتمەن خەڵکی ترو ڕەگەزی ترو نەتەوەی ترو وڵاتی تریشیان بەخۆوە کێش کردووەو ئەوانیشیان بە خۆوە گرفتار کردووە. وەکو کە ئێستا دەبیبنین هەموو موسڵمانانی جیهان، کەمێکی لێ دەرچێت، دژە جولەکەیەو جولەکەی خۆش ناوێت. ئەمە لە کوێوەوە سەرچاوەی گرتووە؟ موسڵمانانی جیهان کە ژمارەیان لە سەروی ملیارێکەوەیە بە سەدان ملیۆن لەو ژمارەیە هەیە و ئامادەیە کە ئەگەر جولەکەی بۆ هەڵکەوێت و بزانێت تووشی گرتن و کێشە نابێت بۆی هەیە ئازارو زەرەری پێبگەێنێت.

هەندێک گێڕانەوەی ئیسلامی و حەدیسی پێغەمبەری ئیسلام هەن کە زۆر توونەو تیژن لەبەرامبەرجولەکەدا. جولەکە بە مەیمون و بەراز دەچوێنن. تەنانەت حەدیس هەیە کە پێی وایە ڕۆژی قیامەتێ ئەو کاتە دێت کە هەموو موسڵمانێک شەڕی جولەکە دەکات و وای لێدێت کە بەردو داریش جولەکە وەخۆ ناگرێت و ئەگەر جولەکەیەک لە بن قەدی دارێک یان بن بەردێک خۆی لە ترسی موسڵمانێک حەشاردابێت ئەوا بەردەکە یان دارەکە هاوار دەکاو دەڵێت: وەرە ئەی موسڵمان ئەوە جولەکەیە لە بن من خۆی شاردۆتەوەو بیکوژە!

هەردووک ئامۆزا خۆیان بە گرنگ و لە پێشتر دەزانن بۆ خوداو لای خودا. جولەکە دەڵێ من گەلی هەڵبژێراوی خودام (شعب الله المختار) وە هەروەها دەڵێت ئەو خاکە واتە خاکی ئیسڕائیل خاکی منەو خوا بەڵێنی بە من داوە کە داویەتی بە من! عەڕەبیش دەڵێت ئێمە باشترینین لە هەموان . ئەوەتە خوا دەفەرموێت : (كنتم خير أمة أخرجت للناس تامرون بالمعروف و تنهون عن المنكرو تومنون بالله) ئالی عمران١١٠ واتە ئێوە چاکترین کۆمەڵن لە ناو مەردمی دنیادا سەرو هەڵدا، فەرمان بەچاکە دەکەن و ڕێ لە نارەوا دەبەستن و باوەڕیشتان بەخوا هەیە.(قورئانی پیرۆز.هەژار موکریانی)

ئەو فشارو تین بۆهاتنەی جولەکە لە لایەن موسڵمانانەوە لە سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئیسلام لە نیوە دورگەی عەرەبیەوە و پاککردنەوەی تەواوی دەڤەرەکە لە جولەکە، هەروەها دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و موڵک و سەروەت و سامان و تەنانەت هەندێک ڕیوایەت هەیە کە هۆزی بەنونەزیری جولەکە کچ و ژنەکانیشیان بە کەنیزە براون. لە لایەکی تریشەوە عەڕەب زۆر بە کەمی ڕێگەی بە بوونی نەک هەر جولەکە بەڵکو مەسیحیەکانیش داوە کە لە ژێرسایەی دەوڵەتەکەیاندا بە ئازادانە بژین بێ ئەوەی جزیە بدەن! جزیەدانەکەشیان دەبوایە بە شێوەیەک بدابایە کە ملکەچیی تێدا ببینرایە! به بڕوای من، ئەمە وای لە جولەکە کرد کە بیر لە تۆڵە بکاتەوەو لە هەلێک بگەڕێت بۆ ئەوەی تۆڵە لە ئامۆزاکەی بکاتەوە!

## موسڵمان و مەسیحی هەردوکیان دوژمنایەتیی جولەکەیان کردووە!

وەک کە مێژوو باس دەکاو بە پێی گێڕانەوە ئاینیەکانی نێو جولەکەش گەلی جولەکە لە سەردەمی فیرعەونەوە بە دەستی فیرعەونیەکانی میسر قەتڵ و عام کراوە، لە عێراق بەدەستی بابلیەکان قەتڵ و عام کراوە، لە نێو فەلەستینیش دا واتا لە نێوخاکی ئیسڕائیلدا بەدەستی ڕۆمانەکان قەتڵ و عام کراون و دەرپەڕێنراون لەو دەڤەرەدا. هەروەها لە سەدەی ١٤ش دا لە نێوانی 1347 بۆ 1352ی زاییندا لە ئەوروپا بە دەستی جیهانی مەسیحیەوە جولەکە قەتڵ و عام کرا بە بەهانەی ئەوەی کە ئەو تاعونەی کە لە 40% ی خەڵکی ئەوروپای کوشت و بە 25 ملیۆن کەس مەزندە دەکرا کە بەزۆری لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا ڕوویدا، خەتاکەی خرایە ملی جولەکەکان. جولەکە ئەو کات کون نەبوو سەری تێهەڵکاو لە هەمولایەکەوە دەکوژرا. دیسان هەر لەو خاکەداو لە نێو ئیسڕائیلدا جارێکی تر لە لایەن ئامۆزاکەیانەوە لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانیداو بە سەرکردایەتی سەلاحدینی ئەیوبی جولەکە قەتڵ و عام کرایەوە. لە سەردەمی تازەشداو لە شەری دووەمی جیهانیدا بەدەستی نازیەکانی سەر بەهیتلەرو بە فەرمانی هیتلەر نزیکەی ٦ ملیۆن جولەکە لەناوبراو دەگوترێت کوورەی سوتاندنیان بۆ دروستکراوە.. بۆ نموونە ناوی چەند کامپیکی کۆکردنەوەی جولەکەکان کە بە کاپپی سوتاندن و کوشتن ناسرابوون، هەندێک لەوانە ئوشویتز، بێرکەناو، مەجدانێک، بێلزێک و چەندین شوێنیتر بۆ کوشتنی جولەکەکان.

جولەکە وای لێهات وەک تۆوی نیسک بە جیهاندا بڵاوبوویەوە. شار نەما، وڵات نەما و نەتەوەش نەما بۆ جولەکە ببێتە شوێنی حەوانەوە و ژیان بە ئازادانە. بۆیە جولەکە کەوتە خۆ، یەکتری گرت و بۆ خۆ پاراستن و لە پێناو مانەوەدا وەخۆکەوت و تینی دایە بەرخۆی و خۆی کردە هێز لە ڕێگەی ئابووریەوە، لە ڕێگەی سیاسییەوە، لە ڕێگەی زانست و تەکنۆلۆژیاوە توانی خۆی بکاتە ڕەقەمێکی قورس و دیار لە جیهاندا.

## درووستبوونی دەوڵەتی فەرمی ئیسڕائیل

پێش ساڵی 1947 جولەکە بە ژمارەیەکی دیار بوونی هەبوو لە ئیسڕائیلی ئێستاو لەگەڵ عەڕەبی موسڵمانی فەلەستینی و عەڕەبی مەسیحی فەلەستینی لە نزیک یەک و بە یەکەوە دەژیان، بەڵام هەمیشە جار جارە لە یەکیان دەمراندو زەرەریشیان بەیەک دەگەیاند. بەڵام لەیەک مراندنەکە نەدەگەییشتە ئەو پلەیەی کە لە بەر یەکتر ڕابکەن و وڵات لە ترسی یەکتر بەجێبهێڵن!

لە ساڵی 1921 وە کە ئیتر سەردەمی دەسەڵاتی بەرەی هاوپەیمانان بوو، بەرەی ئەڵمانیاو دەست و پێوەندو هاوپەیمانەکانی ئەڵمانیا لە شەری یەکەمی جیهانیدا دۆڕان و لە ئەنجامدا ئەودەوڵەتانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانیدا بوون هەر بە نەمانی خەلافەتی عوسمانی ئەوانیش سەربەخۆییان وەرگرت و کەوتنە ژێر ئینتیدابی دەوڵەتانی ئەوروپاوە بە تایبەتی فەرەنساو بەریتانیا.

فەلەسستینش لەو هاوکێشەیە بەدەر نەبوو هەر بۆیە ئەویش کەوتە بەرئینتیدابی بەریتانیاوە! ئینجا لەلایەن بەریتانیاوە جولەکەو عەڕەبەکانی فەلەستین بەڕێوە دەبران. هەر ئەو کاتەو لەو زەمانەشدا جولەکەو عەڕەبی فەلەستینی بە یەکەوە هەڵیان نەدەکردو پێک هەڵدەپڕژان. بۆ نموونە کوشتارەکەی شاری خەلیل کە موسڵمانەکان لە ساڵی 1941دا 67 جولەکەیان کوشت، هەروەها نەک هەر لە فەلەستین، بەڵکو لە عێڕاقیشدا عەڕەبەکان لە جولەکە بەربوون و لە ناو بەغدادا دەستیان کرد بە دەرپەڕاندنی جولەکەو تاڵانکردنی سەروەت و سامانیان و هەر ئەو کات وشەی فەرهود واتە فر یهود واتە یەهود ڕای کرد هاتە ناو فەرهەنگی عەڕەبیەوە! ئیتر وشەکە کورت کرایەوەو بووبە فەرهود کە ئێستاش بۆ تاڵان و برۆ بەکاردێت! بۆیە هەر ئەوکاتە بیر لە دەوڵەتێک بۆ هەردووک لا کرایەوە.

ئەوە بوو لە ساڵی 1947 دەوڵەتێک بۆ جولەکەو دەوڵەتێکیش بۆ عەڕەبەکانی فەلەستین پێک هات و هەمولایەکیش پێی ڕازی بوون . بەڵام ساڵێکی پێنەچوو کە دەوڵەتە عەڕەبیەکانی دەوروبەر هەستیان کرد گۆڵیان لێکراوەو نەیان دەویست دەوڵەتێکی جولەکە لە لایەن ئامۆزاکەیانەوە لە تەنیشتیان و لە ناوجەرگەی ئەواندا بوونی هەبێ، بۆیە کەوتنە نارەزایی و تا وای لێ هات شەڕیان لە دژی ئیسڕائیل دەست پێکرد لە ساڵی ١٩٤٨. لەو شەڕەشدا لەباتی قازانجی تێدا بکەن وەک ئەوە وابوو بۆ ڕیش چوبوون، بەڵام سمێڵیشیان دانان.

لەو شەڕەی 1948دا کە عەڕەبەکان بە تێکڕاو گەلەکۆمی هێرشیان کردە سەر ئیسڕائیل و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاینی ئیسلامیان لەو شەڕەدا لە دژی جولەکە بەکارهێنا، بەڵام نەک هەر نەیان توانی ئامۆزاکەیان دەرپەڕێنن بەڵکو هەندێک خاک و شاریشیان لەدەستدا بۆ نموونە غەزەو بانووی ڕۆژئاوا کە لە 1947 وە درابوو پێیان. ئیتر ئیسرائیل نەچووە دەر لەو شارانەو کردنی بە هی خۆی، چونکە وەک غەنیمەی جەنگ حسابی بۆکردن و لە ئەنجامی شەڕدا دەستی کەوتن.

لە ساڵی 1967 جارێکی تر عەڕەبەکان هێرشی گەلەکۆمەکییان کردە سەر ئیسڕائیل و دیسان ئایین و مەسەلەی قودس و وەقفی موسڵمانانیان بەکار هێنا، بەڵام ئەو جارەش نەک هەر نەیان توانی هیچ دەستکەوتێکیان هەبێ، بەڵکو ئەو جارەش لە باتی دەستکەوت زەرەریان بە کێشەی عەرەبەکانی فەلەستینیش گەیاندو ئەو جارەش نەک هەر نەیان توانی یەک بست لە خاک بۆ خۆیان لە بن دەستی جولەکە بێننەدەر، بەڵکو دیسان وەک جارەکانی ترخاکیان لەدەستدا. بۆ نموونە بیابانی سینای میسرو بەرزاییەکانی جۆلانی سوریاشیان لەدەست چوو. کە پێش شەڕەکە هی خۆیان بوو، بەڵام لە دواییدا ئیسڕائیل لە بەرامبەر ئەوەی دەوڵەتی میسر لە سەردەمی ساداتدا ئیعتیراف بە دەوڵەتی ئیسڕائیل بکا ئەوانیش بیابانی سینایان پێبدەنەوە واتە زەوی لە پێناو ئاشتیدا. ئەوەبوو میسر دانی نا بە دەوڵەتی ئیسڕائیلدا لەبەرامبەر ئەوەی کە ئیسڕائیل بیابانی سینا بداتەوە بە میسر. دیسان لە ساڵی 1973 دا بە هەمان شێوە عەڕەبەکان کردیان و ئەو جارەش سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناو ئیتر وازیان لەو شێوە گەلەکۆمەکیە هێناو دەرسیان وەرگرت، بەڵام تاکو تەراو یەک یەک و لە ڕێگەی گرووپ و ئەحزابی ئایینی و جیهادییەوە وازیان هەر نەهێناو ئێستاش هەر بەردەوامن.

## ئایا ئەوەی حەماس دەیەوێت و شیعارو ئامانجیەتی دەتوانرێت بهێنرێتە دی؟

حەماس دەوڵەتی فەلەستینی ناوێت بە تەنها، حەماس دەیەوێت تەواوی جولەکەی جیهان لەناوبەرێت، حەماس ئەو ئامانجەی خۆشی لە دەستوری خۆیدا جێگیرکردووە. حەماس هیچ کەس و هیچ دەوڵەتێکی عەڕەبی و هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی عەڕەبی نێو فەلەستین و دەرەوەی فەلەستینیش بە نوێنەری فەلەستینیەکان نازانێت، بێجگە لە خۆی و خۆشی بست بە بستی خاکی فەلەستین و ئەوەی ئێستاش جولەکە تێیدایە دەیەوێتەوە و دەبێ جولەکە لەناو بچێت. تۆ بڵێی فەلەستینیەکانیش هەر ئەوەیان بوێت؟

## ئایا هەبوونی دوو دەوڵەتی جولەکەو عەڕەبی فەلەستینی بە تەنیشت یەکەوە کارێکی ژیرانەیە؟

هەندێک پێیان وایە بوونی دوو دەوڵەت یەکیان هی فەلەستینیەکان بێت، بەڵام بەسەرپەرشتی حەماس و ئەوەی تریشیان هی جولەکە بێت بە تەنیشتی یەکەوە کارێکی کردە نییە. چونکە ئەو دوولایەنە مەحاڵە بگونجێن لەگەڵ یەکتری و مەحاڵە بە تەنیشتی یەکەوە وەک هاوسێی باش هەڵبکەن! حەماس داوای سڕینەوەی جولەکەو ئیسڕائیل دەکات و نایەوێت بوونیان هەبێ. ئەدی ئەگەر حەماس دەوڵەتی لە ژێردەستدا بێت و لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دانی پێدا بنرێت و هێزی نێو دەوڵەتیی و هەرێمیی پەیدا بکات، دەبێ چی لە جولەکەو ئیسڕائیل بکات. جولەکەکان دەڵێن

دوارۆژمان باشتر نابێت لە هۆزەکانی ئەو کاتی ناو مەدینە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا.

## ئەو شەڕەی ئێستای حەماس و ئیسڕائیل!

لە بەرەبەیانی زووی ئۆکتۆبەری ٧ی 2023 دا حەماس بە پلانێکی تۆکمەو لە پێشدا دارێژراو ئیسرایلی شۆک کردو بە هەزاران ساروخی لە ئیسڕائیل گرت و بە هەزاران چەکداری خۆکوژیشی ناردە ناو ئیسڕائیلەوەو بە سەدان کەسی لە جولەکە بە بارمتە هێنایە ناو شاری غەزەوەو بە هەزارانیشی لە جولەکە کوشت. ئەمە بۆ حەماس و فەلەستینیەکان سەرکەوتن بوو، بەڵام بۆ دەوڵەتی ئیسڕائیل شکست و بە 11ی سێپتەمبەری ئەمریکایان وێنا کرد.

## حەماس بۆچی لەو سات و کاتەدا ئەو هێرشەی ئەنجامدا!

هەندێک لە لێکۆڵەرەوانی سیاسی و سەربازیی پێیان وایە حەماس کردەیەکی تیرۆریستی خۆکوژی وای لە دژی ئیسڕائیل ئەنجام داوە کە ئاخیرەکەی هەم زەرەرێکی زۆر بە کێشەی فەلەستین دەگەیەنێت و هەم خەڵکێکی زۆری فەلەستینیشی تێدا دەچوێنێت و هەم شارەکەش بە یەکجاری بە وێرانکردن دەدات و هەم بۆ ئاخیری ئەگەر شەڕەکە بەردەوام بێت ئەوا ئەم کردەیە سەری حەماسیش دەخوات!

بە پێی هەندیک لێدوانی هەندیک بەرپرسی سیاسی حەماس و بە پێی بۆچوونی هەندیک سیاسەتمەداری هەریمی و نێودەوڵەتی و بە پێی هەندێک ڕاگەیاندنی جیهانی و هەرێمی گوایە حەماس بە دەست لەپشتدانی بەرەی ڕووسیا ئەو کارەی ئەنجامداوە. بۆیەش ئەوکارەی ئەنجامداوە بە چەند مەبەستێکەوە:

یەکەم: بۆ ئەوەی ئەو فشارە سەربازییەی کە لە لایەن ناتۆوە لە سەر ڕوسیایە لە بەرەی ئوکڕانیاوە لەسەری کەم بکرێتەوە، ئەویش بە کردنەوەی بەرەیەکی تری شەر بۆ ناتۆ لە شوێنێکی تر. کە لە فەلەستین و کێشەی فەلەستینیان باشتر پێ شک نەهاتووە. ئێستا ئەمریکا کە سەری مارەکەیە بەلای بەرەی ڕوسیاوە ڕاستەوخۆ لەوشەڕەی نێوان حەماس و فەلەستین تێوەگلاوەو سەرقاڵیان کردووە!

دووەم: وەڵاتانی عەڕەبیش هەندێکیان دانیان بە دەوڵەتی ئیسڕائیلدا هێنابوو، سەفارەتی ئیسڕائیل لە نێویاندا بە ئازادانە دامەزرابوو، پەیوەندی سیاسی و بازرگانی لە نێوانیاندا بە ئاشکرا دەستی پێکردبوویەوە. هەر بۆ ئاسایی کردنەوەو دان نان بە ئیسڕائیلدا هەندیک دەوڵەتی عەڕەبی تریش لەسەرەدا بوون بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن، لە نێویاندا سعودیە بوو. ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان جیهانی عەڕەبی و ئیسڕائیل بۆ ئێران وەک گورزێکی کوشندە بوو، بۆیە ئەوەی پێ هەرس نەدەکراو دەیزانی بە تەنیا دەمێنێتەوە لە ناوچەکەداو دوایی قوتدانی ئاسان دەبێت، بۆیە ئەم دۆخەیان قەوماند.

ئەم شەڕەی نێوان حەماس و ئیسڕائیل وای کرد کە وڵاتانی عەڕەبی و جیهانی ئیسلامی یەک بگرن جا با بە ڕواڵەتیش بێت. بە هۆی ئەم شەڕەی نێوان حەماس و ئیسڕائیل، ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئیسڕائیل و وڵاتانی عەڕەبی بە تایبەتی لەگەڵ سعودیە زۆر پاشەکشەی پیکرا، ئەمەش بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی حەماس و ئێراندایە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە من لایەنگری مافی هەردووک گەلی عەڕەبی فەلەستینی و گەلی جولەکەشم لەو ناوچەیەدا. من پێم وایە هەردووکیان لەو ناوچەو دەڤەرەدا بوونیان هەبووەو پێکەوە ژیاون و بە تەنیشتی یەکەوەبوون، هەردووکیان، وەک دەگوترێت، لە یەک بەرەبابن و تا ڕادەیەک ئامۆزای یەکتریشن، هەردووکیان خاوەنی ئایین و کتێبی ئاسمانین، هەردووکیان پێغەمبەری خۆیان هەیەو هەردووکیشیان مێژوویەکی دوروودرێژیان هەیە . کەواتە لەو ڕووەوە هەردووک دەبێ مافیان لێزەوت نەکرێت.

بە بڕوای من، دەرەوەی هەردووک گەلی جولەکەو عەڕەبی فەلەستینی کاری کردۆتە سەر کێشەکەیان و لە لایەن دەوڵەتانی عەڕەبیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەوە کێشەکەیان هەم بەلاڕێدا دەبرێ و هەم وایان ئاڵۆز کردوە کە چارەسەرکردنی زۆر وە زەحمەت کەوتووە.

چەندین گروپ و حیزبی جیهادی، ئیخوانی، سەلەفی، عیلمانی تاڕادەیەک ، هەروەها لیبڕالیش لە فەلەستیندا کاردەکەن و لەسەر هیچ شتێک ڕێک ناکەون! وەک چۆن دەوڵەتە عەڕەبیەکانیش هەر بەڕواڵەت و بۆڕاگەیاندنەکان یەکدیگیرییان پێوەدیارە، بەڵام هەر کە لە بەردەم کامێراکە دوورکەوتنەوە هەر دەوڵەتەی وەدوو بەرژەوەندی خۆی دەکەوێت. لەو نێوەدا بیری توندڕەویی و دژە جولەکەیی هەر بەرەو زیادبوون دەڕوا و لە ناو ئیسڕائیلیشدا بیری توندڕەویی و ڕاستڕەویی جولەکەو دژە فەلەستینی و دژە ئیسلامیی هەر بەرەو زۆربوون دەڕوا.

دەوڵەتە عەڕەبیەکان هەندێکیان زۆر دەستیان وەرداوەتە کێشەی فەلەستینیەکان و زۆر وە زەحمەتیان خستووەو کێشەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن، نەک بۆ بەرژەوەندی فەلەستینیەکان. بۆیە هەندێکیان نایانەوێت ئەوکێشەیە چارەسەر ببێت و دەیانەوێت لەوناوچەیەدا ئەم شێوە کێشەیە هەر بمێنێت.

حەماس و هاوشێوەی حەماس داوای سڕینەوەی ئیسڕائیل و لەناوبردنی جولەکە دەکات. جولەکەی جیهان یەک بە یەک هەمووی ئەوە دەزانن. بۆیە جولەکە هەتا بۆی بکرێت و لە توانایدا بێت خۆی بۆ ئەوە تەیارو ئامادە دەکات کە ئامۆزا عەڕەبەکەی نەتوانێت ئەو ئامانجەی وەدی بهێنێت. هەر بۆیەش ئێستا جولەکە خاوەنی گەورەترین چەک و تەکنەلۆژیایەو تەنانەت خاوەن تەرسانەی چەکی ئەتۆمیشە، لەبەرامبەردا فەلەستینیەکان و عەڕەبەکان بەگشتی و ئومەتی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی بێجگە لە پاکستان ئەویش بۆیان درووست کرد تا لەبەرامبەر هیندوستاندا ڕای بگرن چەکی ئەتۆمی هەیە ئەوانەی تر نیانە.

چەندین جارعەڕەبەکان بە گەلەکۆمی خۆیان تاقی کردەوە کە جولەکە ئەو کات چەکی ئەتۆمیشی نەبوو، وەک ئێستاش خاوەن تەکنەلۆژیای بەهێزو پێشکەوتوو نەبوو، وەک و ئێستا خاوەنی ئابووری سەربەخۆی بەهێز نەبوو جا ئەو کات عەڕەبەکان نەیان توانیبێت ئیسڕائیل لە ناو بەرن، چۆن ئێستا کە ئیسرائیل خاوەنی ئەو هەموو پێشکەوتن و چەک و تەکنەلۆژیاو چەکی ئەتۆمی و سوپایەکی بەهێزی مەشقپیکراو هەروەها پشتیوانی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ناتۆ چۆن دەتوانرێت لە ناوببرێت. ئیسڕائیل 163 دەوڵەت دانی پێداناوەو وەک دەوڵەت ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆیە لە ناو ناچێت و ئامانج و شیعاری حەماس بۆ لە ناوبردنی ئیسڕائیل کاریکی کردە نییەو دوورخستنەوەی فەلەستینیەکانیشە لە چارەسەرکردنی کێشەی خاکیان!

بۆیە بە بڕوای من، باشترین چارە ئەوەیە هێزێکی عیلمانی سێکیولاری نا دینی نێو فەلەستین جڵەوی کارەکە بگرێتە دەست و کێشەکە چارە بکات، بەڵام گەندەڵێکی وەک یاسرعەڕەفات نەبێ کە ئێستا سەدان ملیۆن دۆلار لای ژنەکەیەتی کە وەختی خۆی لە کۆمەک و خێراتی ئەم لاو ئەولا کە بۆ خەڵکی فەلەستین هاتووە وەلای ناوەو ئێستا خەڵکی فەلەستین سفر بەدەستەوە ماون. حەماس و سەرکردەکانی حەماسیش لەو باشتر نابن و نین!

**بۆ ئەو نووسینە سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:**

**قورئانی پیرۆز وەرگێڕانی مامۆستا هەژار موکریانی**

**بەدواداچوونەکانی أخ رشید لە یوتیوب و ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە سەر شەڕی حەماس و ئیسڕائیل!**

The Israeli solution book by Caroline B. Glick

The covenant of the Hamas, main points at: https://irp.fas.org/world/para/docs/880818a.htm

https://encyclopedia.ushmm.org/content/en/article/the-farhud

https://momentmag.com/why-were-jews-blamed-for-the-black-death/

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.ne



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## دەربارەی گرنگیی ئاژیتاتۆر و ئاژیتاسیۆنی ئاشکرا

### بەشی شەشەم

**١) گرنگیی "شێوەکار"ی باس و لێکۆڵینەوەی ئاژیتاتۆر**

باسی گرنگیی ئاژیتاتۆری کۆمۆنیستی دەبێت بەر لە هەر شتێک لە ئاستێکی پایەیی و بەناو "شێوەکاریی"دا لە بەرچاو بگیرێت. لەم ئاستەدا هێشتا قسە لەسەر ئەوە نییە، کە بۆ نموونە ژمارەی ڕابەرانی عەمەلی و کرێکارانی خاوەن نفووز لە ڕیزەکانماندا کەمن و دەبێت زیاد بکەن. باس لەسەر ئەمەیە، کە لە بنەڕەتدا حیزبی ئێمە، هەڵسووڕاوانی حیزب لە شارەکان و شانەکانی ئێمە دەبێت خاوەنی کۆمەڵە نەریت و خوو و ڕەوشت و شێوە هەڵسوڕاوییەکی ئەوتۆ بن، کە ڕاکێشانی ئەم جۆرە کرێکارانە مومکین دەکات. بە هەمان مانا پێشتر قسەمان لە پێویستیی "هەرسکردنی" دیاردەیەک کرد بە نێوی ئاژیتاتۆری کرێکاری لە سیستەمی عەمەلیی هەڵسووڕانی حیزبیدا. شێوەکارەکانی ئێمە دەبێت بە جۆرێک بن، کە ئاژیتاتۆر و ڕابەری عەمەلیی کرێکاری بتوانن لەم سیستەمەدا جێگایان هەبێت. دەبێ کارکردن لەگەڵ حیزبدا، نەک تەنها لەگەڵ تایبەتمەندێتی و پێداویستییەکانی هەڵسووڕانی ئاژیتاتۆردا ناکۆک نەبن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەبێ چوارچێوەیەکی تەواو بۆ پشکووتنی ئەم تایبەتمەندییانە و بەهێزکردنیان بڕەخسێنێ. شێوەکاری پۆپۆلیستی، کە ڕێک دێتەوە لەگەڵ جۆری ژیان و شێوازی نارەزایەتی ئەو وردەبۆرژوازییانە، کە تاکتاک خەریکی بەرهەمهێنانن بێگومان جێگایەک بۆ ئاژیتاتۆری پرۆلیتاری و ڕابەری جەماوەریی کرێکاری ناهێڵێتەوە.

کاتێک خەباتی سیاسی لە نێوان داسەپاندنی گوشاری ئاشتییانە بەسەر بۆرژوازی و یاخیبوونی کوێری تیرۆریستانە ئەملا و ئەولا بکات، کاتێک دەرخستنی وجودی سیاسی ببێتە خۆدەرخستنی سەرجادەیی، کاتێک کاری نهێنی تا ئاستی چالاکیی پیلانگێڕانەی چەند دەستە و تاقمی دابڕاو لە کۆمەڵ بشێوێنرێ و دەخاڵەت لە مەیدانی ئاشکرای خەبات بە شێوەیەکی ڕەها ڕەت بکرێتەوە، بێگومان کرێکارێکی خاوەن نفووز و ڕابەرێکی کرێکاری، کە دەتوانێ ڕۆڵی خۆی تەنها لە پێشەوەی ڕیزی کرێکاراندا بگێڕێت، جێگایەکی لە ڕێکخراودا دەستناکەوێ. بێ هۆ نەبوو، کە مەزنترین ڕێکخراوە پۆپۆلیستییەکان لە چڵەپۆپەی ڕەونەقیاندا، نەک تەنها خاوەنی هێز و نفوزی جیددی خەباتگێڕانە لە پیشەسازییە گەورەکانی وەکوو پیشەسازی نەوتدا نەبوون، بەڵکە تەنانەت لە ڕێکخستن و ڕابەرایەتیکردنی مانگرتنێک لە کارگەیەکی (٥٠) کەسیشدا بێتوانا بوون و تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە نارەزایەتی و خەبات (بە مانای وشە)ی کرێکارییەوە هەیە، لانی زۆر دەبوونە شوێنکەوتە و پەیامنێر.

شێوەکاری حیزبی سیاسیی چینی کرێکار، دەبێت لەگەڵ ژیانی ئابووری و شێوە دیاریکراوەکانی خەبات و نارەزایەتی کرێکاریدا بگونجێت. کرێکار لە ڕێکخراوبووندا، هێز و توانا وەردەگرێ. نارەزایەتی تاکەکەسی کرێکاران بێبەرهەمە و تەنها خەباتی ڕێکخراوبوونیان بەرهەمدارە. کرێکاران لە مەیدانی بەرهەمهێناندا خاوەنی ئامرازێکی گوشارهێنەری بەهێزن. هەر لێرەوەیە، کە کارخانە و جێگای بەرهەمهێنانی یەکێک لە بنچینەییترین مەیدانەکانی خەباتی کرێکاری پێک دەهێنن و مانگرتن دەبێتە شێوەی بنەڕەتیی نارەزایەتیی کرێکاران لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهاندا. کرێکار بە پێچەوانەی وردەبۆرژوازییەوە چینێکی کۆمەڵایەتییە و بە بەرهەمهێنانی گەورەوە پەیوەستە. نارەزایەتی و خەباتی ئەم چینە بە ناچاری شێوازی جەماوەریی ئاشکرا و ڕووبەڕوو بە خۆیەوە دەگرێت.

ناتوانرێت کرێکاران لە دەستەی خەباتگێڕانەدا ڕێک بخرێن و چاوەڕوانی ئەوە بین کە هەر وەک کرێکاران خەبات بکەن. وە سەرەنجام کرێکاران چینێکی سەراسەری و لە هەمان کاتدا بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵی فابریکەیی و ناوچەیی مەوجودن، کە لە هەر یەکەیاندا جەماوەری فراوانی کرێکاران پێویستی بە ڕابەری حازربەدەست و ناوچەیی خۆی هەیە. خەباتی سەراسەریی کرێکاری پەیوەندییەکی لێکنەپچراوی لەگەڵ ڕێکخستن و جم و جووڵەی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چینەدا هەیە. ناتوانرێت کرێکاران وەک بۆرژواکان و وردەبۆرژواکان، بە ڕاگەیاندنی مەرجەعێکی تەقلیدی و دەوڵەتێکی دوورە وڵات و لەم جۆرە شتانە هەر لە دوورەوە بخرێنە سەربار. ڕێکخستن و ڕابەرایەتیی ناوچەیی بۆ هەر کارکردێکی چینایەتی کرێکاران، هەر لە مانگرتن و ڕاپەڕینەوە بیگرە تا کۆنترۆڵی کرێکاری و پیادەکردنی بەرنامەڕێژی ئابووری لە سبەینێی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، یەک مەسەلەی چارەنووسسازە و چاوی لێ ناپۆشرێت.

> **شێوەکاری حیزبی سیاسیی چینی کرێکار، دەبێت لەگەڵ ژیانی ئابووری و شێوە دیاریکراوەکانی خەبات و نارەزایەتی کرێکاریدا بگونجێت. کرێکار لە ڕێکخراوبووندا، هێز و توانا وەردەگرێ. نارەزایەتی تاکەکەسی کرێکاران بێبەرهەمە و تەنها خەباتی ڕێکخراوبوونیان بەرهەمدارە. کرێکاران لە مەیدانی بەرهەمهێناندا خاوەنی ئامرازێکی گوشارهێنەری بەهێزن. هەر لێرەوەیە، کە کارخانە و جێگای بەرهەمهێنانی یەکێك لە بنچینەییترین مەیدانەکانی خەباتی کرێکاری پێك دەهێنن و مانگرتن دەبێتە شێوەی بنەڕەتیی نارەزایەتیی کرێکاران لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهاندا. کرێکار بە پێچەوانەی وردەبۆرژوازییەوە چینێکی کۆمەڵایەتییە و بە بەرهەمهێنانی گەورەوە پەیوەستە. نارەزایەتی و خەباتی ئەم چینە بە ناچاری شێوازی جەماوەریی ئاشکرا و ڕووبەڕوو بە خۆیەوە دەگرێت...**

شێوەکاری کۆمۆنیستی شێوەکارێکی گونجاو لەگەڵ ئەم تایبەتمەندێتییە بابەتییانەی ژیان و خەباتی چینی کرێکارە. تەواوی ناوەڕۆکی ڕەخنەی ئێمە لە شێوەکاری پۆپۆلیستی دەتوانرێت لەوەدا کورت بکرێتەوە، کە ئێمە لەوە تێگەیشتین، کە دەبێت هۆشیارانە و لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە نەریتە بۆرژوازییەکانی زاڵ بەسەر بزووتنەوەی چەپدا، ڕێگەی خۆمان ڕووەو سازگارکردنی شێوەکانی هەڵسووڕانی حیزبی لە گەڵ واقیعیاتی ژیانی بەرهەمهێنەرانە و خەباتکارانەی چینی کرێکاردا بگرینە بەر. پۆپۆلیستەکان بۆیان هەیە، بە هەر شێوەیەک کە دەیانەوێت، ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کە پایەگا و پشتیوانی ئەوانە بەگەڕ بخەن و ڕێنمایی بکەن.

ئێمە لەسەرمانە کە چینی خۆمان چینی کرێکار لەو شکڵانەدا و بە پشتبەستن بەو میکانیزمانە ڕێکخراو بکەین، کە بە باشترین شێوە ئیمکانییەتی بە ماددیبوونی هێزی واقیعیی چینی کرێکار دەدەن. خەباتی چینی کرێکار، هەر لە مانگرتنەوە تا ڕاپەڕین و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، پێویستی بە ڕابەرانی عەمەلیی ناوچەیی و ئاژیتاتۆرەکانە. هەر بۆیە حیزبی کۆمۆنیست دەبێت خۆی ڕێکخراوێک لە ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان بێت. تێگەیشتنی پەیوەندیی حیزب و چین بە شێوەی پەیوەندیی دوو جەمسەری "ڕێکخراوی نهێنی_ جەماوەریی کرێکاران" تێڕوانینێکی میکانیکییە. ئەمە ڕاگەیاندنێکی ترە لە فۆرموولەکردنی چریکانەی "ماتۆڕی بچوک_ ماتۆڕی گەورە".

لە جیهانی واقیعیدا ئاژیتاتۆرەکان و ڕابەرانی ناوچەیی و شەعبی خاوەن نفوز ئەو ئەڵقەیەن کە حیزبی نهێنی پێشڕەوانی ئەو چینە بە جەماوەری فراوانی کرێکارانێکەوە دەبەستێتەوە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە ئاشکرا دەرس وەردەگرن و بە ئاشکرا نارەزایەتی دەردەبڕن و بە ئاشکرا ڕێکخراو دەبن. مەسەلەیەک کە ئێمە لەگەڵیدا بەرەو ڕووین ئەوەیە، کە: لە حیزبی ئێمەدا و لە شێوەکاری ئێمەدا چ جێگایەک بۆ ئەم توخمە حەیاتییەی خەباتی کرێکاری تەرخان کراوە؟ ئایا شێوەکانی هەڵسووڕانی ڕێکخراوەییمان بە شێوەیەکی سروشتی هەلومەرجێکی لەبار بۆ دەورگێڕانی ئەم توێژە دیاریکراوە لە چینی کرێکار دەهێنێتە گۆڕ؟ ئایا حیزبی ئێمە دەتوانێت دوولایەنی و لێکجیایی نەریتی نێوان حیزبی سیاسی لە لایەکەوە و ڕابەرانی عەمەلی و عەلەنیکار لە لایەکی ترەوە لەنێو بەرێت و خودی حیزبی سیاسی بکاتە حیزبێکی پێکهاتوو لە ڕابەرانی کۆمۆنیستی خاوەن نفوزی ناوچەیی؟

بەم پێیە باسەکەی ئێستا هەنگاوێکی ترە ڕووە و وردکردنەوەی شێوە عەمەلییەکانی هەڵسووڕانی ناوچەیی و شانە حیزبییەکان. سەربەخۆ لەوەی کە چ شتێک پێویستە لە پێشەوە لە دەستووردا بێت و سەربەخۆ لە هەر کەموکوڕییەکی ئێستا، ڕووهێنانی ئێمە بۆ ڕابەرانی عەمەلیی بزووتنەوەی کرێکاری و لێهاتوویی ئێمە لە پەروەردەکردنی ڕابەرانی کۆمۆنیست بۆ بزووتنەوە نارەزایەتییە کرێکارییەکان و بەشە جیاوازەکانی چینی کرێکار و هەوڵ و تەقەلای ئێمە بۆ گۆڕینی حیزبی کۆمۆنیست بە حیزبی ڕێکخەری ئەم ڕابەرانە، مەسەلەیەک و ئەرکێکی هەمیشەیی ئێمەیە، بەجیا لەوەی کە ئاکسیۆنێک لە ئارادا بێت یا نا. بەشێکی گرنگی تەبلیغ و تەرویج و ڕێکخستنی ڕۆتینی حیزبیی، تەنها بە کۆمەکی چالاکینواندنی ئاژیتاتۆرەکان لە ئیمکاندایە. ئێمە دەبێت ڕووەو ئەوە بڕۆین کە حیزبی ئێمە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەشێکی بەرچاوی ڕابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕیزەکانی خۆیدا لەخۆ گرتبێت. لێهاتوویی بۆ ڕێکخستنی ئەم بەشە لە چینی کرێکار، یەکێکە لە بەڵگە گرنگەکانی دیاریکردنی ئەوەی، کە ئایا بەڕاستی حیزبێک بووەتە یەک ڕەوتی دەروونی چینی کرێکار یان نا...

**درێژەی هەیە**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# خەسرەو سایە: لەکوردستان قەیرانێکی حکومەتی لەئارادایە، ئەمەش بەمانای ئەوەی کەدەسەڵات لەلای خەڵك متمانەو مەقبولیەتی لەدەستداوە ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ خەسرەو سایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئاییندەی سیاسی کوردستان"

### بەشی دووەم و کۆتایی

**بۆپێشەوە: گرژی و ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و داهات بەردەوامە، ئایا گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و بەغدا، هۆکاری بەرینبوونەوەی قڵشتی نێوانیانە، یان نەتوانین و ناتەبایی و ملنەدانی پارتی و یەکێتی بەداوای بەغداو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هۆکاری بەردەوامی ئەو گرژیانەیە؟**

**خەسرەوسایە:** بەدڵنیایەوە ئەو هۆکارانەی ئێوە ئاماژەتان پێداوە کاریگەریان هەیە، تەنانەت بەجیا لەوەی کە ناکۆکیەکانی نێوان ئەم دووحیزبە مێژویەکی هەبێت، بەڵام ئەوەی بەئێستا و بەم دەورە دیاریکراوە دەگەڕێتەوە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان: لەپرسیارەکانی پێشوتردا ئاماژەمان بۆ سەرهەڵدانی هاوکێشەیەکی تازە کرد کەبەدوای شەڕی داعشدا هاتۆتەکایەوە. لەم هاوکێشەیەدا حزبەکان چ لەئاستی کوردستان و چ لەئاستی عێراقدا لەسەر پاراستنی پێگەی خۆیان و دوبارە پێناسەکردنەوەی ئەم پێگە تازەیەیان لەپەیوەند بەدەسەڵاتەوە، کەوتونەتە ململانێ و ناکۆکیەوە و هەرلایەک لەهەوڵدایە پەیوەندییەکانی خۆی لەچوارچێوەی ئەم هاوکێشە تازەیەدا بباتە ئاستێک کەدڵخوازیەتی. بێگومان لەم نێوەشدا گەلێک لەحیزبەکان پێگەی خۆیان لەدەست دەدەن و لاواز دەبن تەنانەت دەچنە کەنارەوە و بەم پێیەش هاوپەیمانیەکانی پێشوو گۆرانکاریان بەسەردا دێ و ڕێکەوتنی تازە سەرهەڵدەدات. هەروەک بینیمان کەچۆن سەدریەکان کەپێشتر هێزی سەرەکی بوون ئێستا تەقریبەن کەنارکەوتون و ئەو ڕۆڵەی جارانیان نەماوە، تەنانەت هاوپەیمانێتی ئیدارەی دەولەت کەپارتی لایەنێکی بوو نەماوەو ئێستا چوارچێوەی هەماهەنگی کە مالیکی هێزی سەرەکیەتی ڕۆڵی زیاتری بەدەستهێناوە. لەکوردستانیش یەکیتی پێگەی جارانی چ لەدەسەلاتداو چ لەپەیوەندیەکانی لەگەڵ پارتیدا نەماوەو هەموو هەوڵیک دەدات بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیفتی بەفیفتی و ستراتیژیەک کە لەگەڵ پارتیدا هەیبوو. بەڵام ئەوە پارتییە کەخۆی بەهێزی سەرەکی دەزانێ و ئامادە نییە کەپێگەی جارانی یەکێتی قبوڵ بکات، بگرە لەهەوڵدایە

> **ڕیگای دەربازبوون لەدۆخی ئێستای کوردستان بەوگێژاوە سیاسیەی کەتێی کەوتوە و بەو هەموو نەهامەتیانەی کەرووبەڕوی خەڵکەکی بۆتەوە، تەنها ڕێگا شۆڕش وبردنی کۆمەڵگەی کوردستانە بەرەو ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی وشۆڕشگێرانە لەسیستەمی سیاسی و ئابوری ئێستادا، ئەم ڕیگایە ئەگەرچی سەخت و بێ بەربەست نییە...**

یەکیتی بۆ ئاستی حیزبەکانی تر بچوک بکاتەوە، لیرەوەیە کەناکۆکی و کیشەی نیوان پارتی و یەکیەتی لەسەر هەر مەسەلەیەک سەر هەڵدەدات، لەوانە لەسەر داهاتەکان، پەیوەندییەکان بەدەرەوە، لەسەر هەڵبژاردن و چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق ولایەنە عیراقیەکاندا. دووەمیان: لەکوردستان قەیرانێکی حکومەتی لەئارادایە، ئەمەش بەمانای ئەوەی کەدەسەڵات لەلای خەڵک متمانەو مەقبولیەتی لەدەستداوە، ڕەنگدانەوەی فشارەکانی ئەم پێگەیەی خەڵک و ئەو نارەزایەتیانەی کەهەیانە لەسەر حیزبەکانی دەسەڵات و چۆنیەتی وەڵامدانەوە پێی کاریگەری هەیەو لیرەشەوە ناکۆکیەکانی نێوان پارتی و یەکیەتی توندتر و فراوانترکردۆتەوە.

**بۆپێشەوە: لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی هەڵبژاردن وەکو ڕیگایەک بۆ دەرچوون لە دۆخی نەخوازراوی ئیستای کوردستان دەزانن، ئێوە لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**خەسرەوسایە:** بەرای من هەڵبژاردن بۆ سەرجەم حزبەکانی کوردستان بەوانەی دەسەڵات و ئەوانەشی خۆیان ناوناوە ئۆپۆزسیۆن، ڕێگایەکە بۆ شەرعیەتدانەوە بەپەرلەمان و حکومەتێک کە لەباری قانونیەوە پەکی کەوتوە و لەبنبەستدا دەست

> **ئەم دەسەڵات و سیستمەی لەکوردستان هەیە، نەچاکسازی هەڵدەگرێ و نە لەئاستی تەوەقوعات و باش بژێوی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشدایە، بۆیە دەبێ بڕوا ودەسەڵات و سیستەمێکی تر شوێنی بگرێتەوە، کەکرێکاران و زەحمەتکێشان ئیرادەی بەڕێوەبردنی هەمو کایە کۆمەڵایەتیەکانیان لەدەستدا بێ و ئابوری و سیاسەت بخرێتە خزمەتی وەڵامدانەوە بەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە...**

و پێ دەکوتێ. خودی شەرعیەت پێدانەوەش بەم دەزگایانە، گۆشەیەکە لەبردنەپێشەوەی هەولەکانی ئەمریکا و ئێران لەراستای ئیستقراری سیاسی بەدەولەتی عیراق. ئەوەی هەڵبژاردن ئەم ئامانجە بەدەست دێنی یان نا خۆی باسێکە و لێرەدا ناچمە سەری، بەلام بەهیچ جۆرێک هەڵبژاردن ناتوانێ کوردستان لەودۆخەو لەو گێژاوە سیاسی و ئابوری و ئەمنییە دەرکێشێت کەتێی کەوتووە. یەکەم مەسەلەی قەیرانی ئابوری و کێشە ئابورییەکانی کوردستان وەک ئەوەی بەشێکە لەقەیرنێکی فراوانتر کەپەیوەندی بەبازاڕی جیهانی و ناوچەکانی نفوزو بلۆک بەندیە ناوچەیی و جیهانیەکانەوە هەیە، بەهەڵبژاردن چارەسەرنابێت. دووەم قەیرانێکی حکومەتی کە لەکوردستاندا هەیە، قەیرانێکی قانونی و شەرعیەت پێدانەوە نییە، بەڵکو قەیرانێکی سیاسییە. ئەمەش بەومانایەی کە چ جۆرە حکومەتێک دەتوانێ مەقبولەیەتی خۆی لەکۆمەلگەدا بەدەست بهێنێ، لەکاتێکدا کە کەوتۆتە بەرامبەر نارەزایەتیەکی بەرفراوانی خەڵکەوە. بەتایبەتی کە هەڵبژاردن هەر ئەو حکومەت و سیستەمە بەرهەم دەهێنیتەوە، کە توانای وەڵامدەرەوەی خواستەکانی خەڵکی نییە و ناتوانێ موچەو خزمەتگوزارییەکان ولانی کەمی ئەمنیەتی کۆمەلایەتی بۆ هاوڵاتیانی ژێردەستی دابین بکات.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە ئەو نامەیەی مەسرور بارزانی کە بۆ جۆبایدن سەرۆکی ئەمریکای نارد و داوای هاوکاری لیکرد، لەبەرامبەر بەو ئەزمە سیاسی و ئابوریەی یەخەگیریان بووە؟**

**خەسرەوسایە:** ئەو نامەیەی ئێوە باسی دەکەن، بەر لە سەردانەکەی مەسرور بارزانی بۆ بەغداو گەیشتن بەڕیکەوتنێک لەسەر ناردنی ٧٠٠ ملیار دینار بۆ موچەی فەرمانبەران هاتووە، لێرەشەوە نامەکە جگە لەوەی لاوازی و لەدەستدانی پێگەی پارتی و دەسەڵاتەکەی لە پەیوەندیەکانیدا لەگەڵ ئەمریکادا دەخاتە روو، هاوکات دوو راستی دەردەخەن، یەکەمیان دان نانە بەقەیرانێک کەلە نیوان پەیوەندیەکانی هەریم و بەغدادا بەزەرەری پارتی و حیزبەکانی نێو دەسەڵات و توندبوونەوەی فشارەکانی بەغدا لەسەر هەولێر. بەڕادەیەک کە قەوارەی هەرێمی خستۆتە بەردەم لاوازی و بێدەسەڵاتیەوە، قەوارەیەک کە پارتی هێزی سەرەکی دەسەلاتەکەیەتی. دووەمیش، نیشانەیەکە لە هاتنەخوارەوەی گرنگی دان و ئەو پشتیوانیەی کە ئەمریکا لەپارتی و دەسەلاتەکەی لەرابردودا کردویەتی. خودی پەیامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بەو ڕیکەوتنە نیوەناچڵەی کەمەسرور بەرزانی و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لەسەر ناردنی ٧٠٠ ملیار دینارەکەی موچەی فەرمانبەران، کەخۆشحاڵی ئەمریکا بەڕیکەوتنەکە بەیان دەکات، بەبێ ئەوەی لایەنگری راستەوخۆ بۆ حکومەتی هەریم و سەرۆک وەزیرانەکەی دەرببڕی، هاوکات ڕینمایی بە هەردوو لا دەدات، بۆ ڕێکەوتن و هێورکردنەوەی دۆخی نیونایان.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان بەشێوەی گشتی دژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمن و بەکردەوەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆژوازی کورد، ئەڵتەرناتیفێکی باشتری دەسەڵات نییە و لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت جڵەوی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان بکات، خەڵکی کوردستان دەبێ چی بکات، تا لەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوشیوەکانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ڕزگاری بێت؟ بەکورتی چ ڕێگاو ئەڵتەرناتیفێک بۆ باشبوونی ژیان و گوزەران و ئایینندەی سیاسی کوردستان پێویستە؟**

**خەسرەو سایە:** ئەگەر پرسیارەکە وا وەربگرین کە ڕیگای دەربازبوون لەدۆخی ئێستای کوردستان بەوگێژاوە سیاسیەی کەتێی کەوتوە و بەو هەموو نەهامەتیانەی کەرووبەڕوی خەڵکەکی بۆتەوە.. چییە؟. تەنانەت ئەگەر پرسیارەکە ئەوەبێت کەلەچ ڕیگایەکەوە ژیان وگوزەرانی خەڵک بەرەو باشتر ببریێت، ئەوا تەنها ڕێگا شۆڕش وبردنی کۆمەلگەی کوردستانە بەرەو ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی وشۆڕشگێرانە لەسیستەمی سیاسی و ئابوری ئێستادا، ئەم ڕیگایە ئەگەرچی

## درێژەی... دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ خەسرەو سایە

سەخت و بێ بەربەست نییە، بەلام وەک ئەوەی ئەزمونی دەسەلآتداریێتی حزبەکانی بۆرژوازی کورد لەمێژوی خۆیدا نیشانی داوە، کەئەم دەسەلات و سیستەمە ئابوریە کەپالّی داوە بە بازاری ئازادی سەرمایە و کۆمپانیاکانەوە، جگەلە قولّکردنەوەی جیاکارییە چینایەتیەکان و ستەم و تالآنچێتی لەرادەبەدەری هێزی کارو داهاتی کۆمەلگە، بەو هەموو موسیبەتانەوە کە ڕووی لەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش کردوە، شتێکی تری لێ پەیدا نابێت. لەکوردستان سیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردن و دەنگدان تاقی کراوەتەوە. هەروەها حکومەتی ناوچەیی و یەک حیزبی، حکومەتی بنکەفراوان و چەند حیزبی ئەزمونی خراپی خۆیان بەسەر ژیانی خەڵکدا شکاندۆتەوە، فیدرالیزمێک کەکوردستانی لەسەرو ئیرادەی خەلکەکەیەوە بەعیراقەوە لکاندەوە، بەفەشەل و بنبەستی خۆی گەیشتوە.. ئەمانە پێمان دەلّێن کەئەم دەسەلآت و سیستمەی لەکوردستان هەیە، نەچاکسازی هەلدەگرێ و نە لەئاستی تەوەقوعات و باش بژێوی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشدایە، بۆیە دەبێ بڕوا ودەسەلآت و سیستەمێکی تر شوێنی بگرێتەوە کەکرێکاران و زەحمەتکێشان ئیرادەی بەڕێوەبردنی هەمو کایە کۆمەلآیەتیەکانیان لەدەستدا بێ و ئابوری و سیاسەت بخرێتە خزمەتی وەلامدانەوە بەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە. ئەگەر وەک لەپرسیارەکەدا هاتوە کەخەڵکی کوردستان نارازین و دەیانەوێت لەدەسەلاتی یەکیەتی و پارتی ڕزاگاریان ببێت، دەبێ لەپێشدا، ئەوەیان لاڕۆشن بێت، کەهەمو هەوڵ وتێکۆشان ونارەزایەتیەکیان لەدژی دەسەلآت و بۆ وەلانانی ئەم دەسەلآتە ڕێچکە بگرێ، بەلام لابردنی پارتی و یەکیتی لەدەسەلاتدا دەبێ سەرەتایەک بێت بۆ بەدیهێنانی گۆرانکاریەکی ڕیشەیی لەتەواوی سیستەمی ئابوری و سیاسی ئێستادا و دەسەلآتداریێتی جەماوەری ڕیکخراو لەشوراو ئەنجومەن و هەر ڕیکخراوەیەکی تری جەماوەری شوێنی بگرێتەوە، تا سیستەمێکی ئابوری دامەزرێنێ و داهات و سامانی کۆمەلگە بخاتە خزمەتی وەلامدانەوە بەخواستی خەڵک و باشکردنی ژیانی ئەوانەوە. ئەمەش لەپلەی یەکەمدا پێویستی بەجولآنەوەیەکی سیاسی جەماوەری سەربەخۆ و شۆڕشگێرانە هەیە کەئەم گۆڕانکارییە وەک ئاسۆیەکی ڕۆشنی خۆی بەدەستەوە گرتبێت و بەم جۆرە لەئاسۆی سیاسی و کارنامەی حزبەکان، چ ئەوانەی لەدەسەلآتدان و چ ئەوانەشی ئیدعای ئۆپۆزسیۆن دەکەن، جیا بکاتەوە. لەڕووی عەمەلیشەوە، خەڵکی نارازی، بەتایبەتی هەڵسوراوان و ڕابەرانی نارەزایەتیەکانی ئێستا لەهەولّی فراوانکردنەوەو سەراسەریکردنەوەی نارەزایەتیەکاندا بن و لەدەوری داخوازیەکان لەکۆڕو کۆمەڵ و دەستەکانی شوێنی کارو ڕشتەکاندا، خۆیان یەکگرتوو بکەن و هەوڵ بدەن بۆ سەراسەری کردنەوەی نارەزایەتییەکان و رابەریەکی سەراسەری جێ بخەن. تەنانەت بۆئەوەی نارەزایەتیەکانی ئێستا ببێتە بزوتنەوەیەکی راستەوخۆی جەماوەری دەبێ لەهەولّی بەڕێوەبەردنی ناوەندەکانی کارو خزمەتگوزاری و بەڕێوەبەرایەتیەکاندا بن و بەدەستیەوە بگرن و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و بەکۆمەلگەی بناسێنن. سەرەنجام لەبەرامبەر دەسەلآتدا دەست ببرێت بۆ هەموو ئەو تاکتیک و ڕەوشتانەی کەبالآنسی هێز لەنێوان خەڵکی نارازی و دەسەلآتدا دەگۆڕێ.. لەچوارچێوەی خەباتێکی ئاوادا، قەیرانی ئێستا بەقەیرانێکی شۆڕشگێرانە دەگۆڕی وزەمینەکانی یەکلاییکردنەوەی دەسەلآت و شوێن گرتنەوەی بەحاکمیەتی جەماوەری دێنیتە کایەوە.. بەرای من ئەمانە ئەو ئاسۆ و کارانەیە کەڕیگاچارەی دەربازبون لەدۆخی ئێستا لەڕوانگەی خەڵکی کریکار و زەحمەتکێشەوە مومکین دەکات و دەتوانی بەقازانجی باشکردنی بژێوی خەڵک دۆخەکە بشکێنێتەوە...

**کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی یۆتۆپیا نییە، بەڵکو بەرئەنجام و ئامانجی خەباتی چینی کرێکارە لەدژی نیزامی سەرمایەداری...**

## درێژەی .... دوا وتە

چاوی دنیا لەسەر کێشەی چارەسەنەکراوی فەلەستین بگوازنەوە سەر حەماس و ئیسلامیەکان و لەو ڕێگایەشەوە بەهرەبەرداری لە بزوتنەوەی فراوان و جیهانی لەدژی ئیسلامی سیاسی بکەن و پشتیوانی بۆ داگیرکاری دەولّەتی ئیسرائیلی بۆسەر فەلەستینیەکان، بەدەست بهێنن و کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لە نێوان رەوتە ئیسلامیەکان و حەماسدا بچوک بکەنەوە.

لەونێوەدا بێدەنگی لەبەرامبەر ئەو تاوانە ئاشکرا و بەردەوامانەی دەولّەتی ئیسرائیل ئەنجامی دەدات، لەدژی خەڵکی فەلەستین چ لەناو ئیسرائیلدا و چ لەدەرەوەی ئیسرائیل و لە غەززەدا، بۆتە قیبلەنومای میدیای غەربی. پاساویش بۆ ئەم هێرشە بەردەوام و درندانەیەی رۆژانە ئەنجامدەدرێت، بوونی حەماس و دژایەتی لەگەڵ ئەوە، لە کاتێکدا قوربانیانی سەرەکی هەر خەڵکی بێتاوان و سڤیلی فەلەستینن و حەماس و رەوتە ئیسلامیەکانیش، دەست پەروەردەوکراوی خۆیانن.

میدیای غەربی لەبەرانبەر ئابلۆقە خستنە سەر شارێکی وەکو غەززە کە زیاتر لە دوو ملیۆن ئینسانی تیایە، نەک بێدەنگە، بەڵکو بەرگری و پشتیوانی لێ دەکات. برینی ئاو و کارەبا، سوتەمەنی و خۆراک و دەرمان و ڕێگری بۆ گەیاندنی کۆمەکی ئینسانی بە خەڵکی غەززە، موچورکێک بە جەستەی پان و پۆری میدیای غەربیدا ناهێنێت.

بۆردومانی کوێرانە و بەردەوامی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی غەززە، لە خوێن هەڵکیشانی هەزاران ئینسان. لە منالّ و پیرو پەکەوتەو ژن و خەڵکی مەدەنی و وێرانکردنی ژیرخانی ئەو ناوچەیە، موییەک لە جەستەی سڕکراوی میدیای غەربی ناجولّێنێت. دەیانەوێت هەست و سۆزی خەڵکی دنیاو رای گشتیش سڕ بکەن. تەنانەت دەیانەوێت کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی ئاشکرا، لەسەر شانی خۆیان لاببەن و کارنامەی کوشتنی بێ رەحمانەی سەدان ئینسانی مەدەنی لە خەستەخانەو کەمپەکانی ئاوارەیی و قوتابخانەکاندا لەماوەی چەند چرکەیەکدا، لەناو دنیای سادەی دەستراگەیشتن بە راستیەکان، حاشا لێ بکەن و تا ئەم کردەوە پڕ ریسوایەیان، لە چاوی رای گشتی بشارنەوە.

لەناو دلّی ئەو میدیا هەزار سەرەی گێژکردن و شێواندنی راستیەکاندا، هۆشیاری و فریونەخواردنی زوربەی خەڵکی دنیا، بەو میدیا بۆگەن و دژە ئینسانییە، هێشتا مۆتەکەی سەر میدیای کڕدراو ئاراستەکراو مۆلّەپێدراوە،

هێشتا میدیای ئەمریکی غەربی، کۆڵەوارتر لەوەیە بتوانێت کێشەی داگیرکاری دەولّەتی ئیسرائیل و بۆسەر زەمینی فەلەستینەکان و خەڵکەکەی، بەلارێدا ببات و کێشەی چارەسەرنەکراوی فەلەستین کە هۆکاری سەرەکی خودی سیاسەتی ئەمریکا و غەربە، لەچاوی خەڵکی دنیادا بشارێتەوە. میدیا غەربی نایەوێت دەنگی ملیۆنەها یەهودی کەدژی سیاسەتی ملهورانەی دەولّەتی ئیسرائیلی و ئەمریکاو غەربن و خۆیان بە هاوچارەنووسی خەڵکی فەلەستین دەزانن، بخاتە ڕوو. نایەوێت دەنگی هێزێکی گەورەی ئینسانی لەسەراسەری دنیادا کە بەدژی داگیرکاری ئیسرائیلن، ببیسترێ و کاری داپۆشین و شێواندنی بۆتە ئەرکیکی پیرۆزی!!. هێشتا ئەندازیارانی ئاراستەکردنی میدیا ئەمریکی و غەربی لەوە حالّی نین، کە راستی ڕووداوەکان گەورەترو ئاشکراتر و بەجەستەتر لەوەن میدیایەکی ئاراستەکراو بیانشێوێنێ. دنیای میدیای پیشەیی و ئاراستەکراوی ئەمریکا و غەرب و هێزە بۆرژوازییەکان لە سەراسەری دنیادا، لەبەرامبەر بە میدیای کۆنترۆڵنەکراوی سادەی مۆبایل و تابلیتە سادە زیرەکەکان و زومی چاوی ئینسانەکان، کە قوربانی راستەخۆی سیاسەتی ملهورانەی نیزامی سەرمایەداری و رەوتە رەنگاو رەنگەکانیان، لاوازتر لەوەن بتوانن راستیە بەرجەستەکان و رۆشنەکان بە لێڵی بخەنە ڕوو. میدیا غەربی ناتوانێت هەڵوێستی "فیدراسیۆنی جیهانی یەکێتییە کرێکارییەکان دەبلیوو، ئێف، تی، یوو" WFTUکە خاوەنی زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن ئەندامە لە ٣٣ وڵاتدا، بشارێتەوە، کە کەمپەینی هاوپشتی نێودەولّەتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین ڕاگەیاندو داوای لە ئەندامەکانی کرد کە بە دروشمی " هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین نا بۆ ڕیاکاریی ئیمپریالیستی چارەسەری عادلانە و ئاشتیانە بۆ پرسی فەلەستین"، هاتە مەیدان و جگە لە ئیدانەکردنی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر خەڵکی بێ تاوانی غەززە، پشتیوانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و هاوپەیمانەکانیان لە داگیرکاری و کردەوە تاوانکارییەکانی ئیسرائیلی ئیدانە کرد. هەروەها "یەکێتی سەرتاسەری کرێکارانی ئیتالیا " کە ئیدانەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر خەڵکی غەززە، راگەیاند و پشتیوانی لە خەڵکی فەلەستین دەربڕی، میدیا بۆرژوازی و غەربی نایبینێت. پەروەردەی نێونەتەوەیی و کۆمیتەی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەوروپا بۆ پەروەردە، کۆنگرەی یەکێتییە کرێکارییەکانی بەریتانیا، و بزوتنەوەی فراوانی سەر شەقامەکان، هاتنە مەیدانی سەدان هەزار کەس لە وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، ئوسترالیا و ئەوروپا کە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بەتوندی ئیدانەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر دانیشتوانی غەززە و باشووری لوبنان، دەکەن و خوازیاری هەڵگرتنی گەمارۆ لەسەر غەززە و کۆتاییهێنان بە داگیرکاری و خوازیاری چارەسەری بنەڕەتی پرسی فەلەستین بوون، هیچیان میدیا و زومی کامیراکانی بۆرژوازی نیشانی نادەن.

میدیای ئەمریکی و غەربی و بۆرژوازی بەشێوەی گشتی، تەنها خەریکی گواستنەوەو ئاوەژوکردنەوەی روداوەکان نین، تەنها ئەوە نییە کە راستیەکان دەشێوێنن و دەیانەوێت رای گشتی بەلاڕێدا ببەن، بەڵکو ئەوان لەپاڵ فرۆکە و راکێت و بۆمبە مەرگچینەکاندا، هەڵمەت دەبەن و خەرکی رەوایەتی بەخشینن بە کوشتار و وێرانکاری و جەنگ، کە بەرژوەندیەکانی بۆرژوازی و سیاسەتە دژە ئینسانیەکانیان، بەرگری لێ بکات.

ئەم میدیایە، کوشندەیە پێویستە ریسوا بکرێت و سەری بۆگەناو بلآوکردنەوەکەی بەیەکجاری دابخرێت و ئینسانیەتی ئەم سەردەمە لەژێر تەپ و تۆزەکەیدا، رزگار بکرێت. ئەمەش بە پلەی یەکەم کاری چینی کریکار و چەپ و کۆمۆنیزم و هێزە ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازەکانە.

**کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣**

ساڵی حەوتەم ژمارە (155) بەرواری 1-11-2023

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

عوسمان حاجی مارف، بەندی عەلی، بنار مستەفا، هاوژین ڕەشید، خەسرەو سایە، وریای ڕەسام، کامەران لەتیف، ئیدریس مستەفا، کاوان قادر،کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، حەسەن رازانی...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر

# بارانی گڕ!!... هۆنراوە: بەندی عەلی



ژیان بارمتەی دەهرێکە بێ گیان

سیمورغی مێژوو لەسەر بەردێ کڕ

لەبەختی کێوی سەختی دڵی من

لە هەوری ئازار گڕ دەبارێ، گڕ

سەیلی لێ دەڕژێ لەجیاتی تنۆك

لێواری بەرزی جامی سەبری پڕ

لەبەختی کێوی سەختی دڵی من

لە هەوری ئازار گڕ دەبارێ، گڕ

دەمی گڕکانە دەربیجەی هاوار

کێوی بێدەنگی بەژن بەرزو سڕ

لەبەختی کێوی سەختی دڵی من

لە هەوری ئازار گڕ

دەبارێ، گڕ

بێزارە هەنگاو،

مینرێژە بەخار

پێدەشتی هەوار بێ

خێرو قاقڕ

لەبەختی کێوی سەختی دڵی من

لە هەوری ئازار گڕ دەبارێ، گڕ

ناچێ بەڕێوە بەم چەشنە کاروان

سەرقەتاری خێڵ، میرانی ملهوڕ

لەبەختی کێوی سەختی دڵی من

لە هەوری ئازار گڕ دەبارێ، گڕ







## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای ڕەسام

## بۆپێشەوە بخوێنەوەو بینێرە بۆ هاوڕێ و هاوکارو هاوپیشەکانت ...

## دوا وتە

# میدیای غەربی میدیایەکی درۆزن و کوشندە!!

**عەبدوڵا مەحمود**

ئەوەی ئەم چەند رۆژە لە میدیای غەربدا دەخرێتە روو، دەتوانێت ناوەڕۆکی سیاسەت و نەخشەی دژە ئینسانی ئەمریکا و غەرب، لەدژی سەرجەم ئینسانیەت و راستی روداوەکان نیشان بدات.

نەک لەپاڵ ئەو جەنگە دوورو درێژو مێژوویەدا کە لەنێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا لە ئارادایە، کە دەوڵەتی ئیسرائیل هۆکاری سەرەکی ئەو خوێن بەربوون و جەنگە مەودا درێژەیە، بەڵکو ماهیەتی ئەمریکا و غەرب بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە، و سەرجەم پرس و کێشەکانی تری دنیا، لایەنێکی سەرەکی خولقاندن و زیندوراگرتن و ڕێگەگرتنیەتی لەهەر رێگاچارەیەکی کارساز. لۆژیکی هێز بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، بۆ ئەمریکا و غەرب، بەهەموو پێوانەیەک بۆتە بژاردەی دوبارە خۆ بەرهەم هێنانەوەو ئارایشدانەوەی دەورە بەدەورەی خۆی لە ئاستی دنیادا.

لەپاڵ ئەم سیاسەتەدا، یان دروستر بڵێین، بەر لەو سیاسەتە، مۆتوری راگەیاندن بۆ چوارچێوە بەخشین بە لۆژیکی بەکارهێنانی هێز و لەنێویاندا جەنگ، لایەنی سەرەکی رۆڵی میدیای ئەمریکی و غەربییە. میدیایەک کە خاوەنی هیچ پرانسیبێکی رێزگرتن لە راستی و ئینسان و مافەکان و لە ئیرادەی نییە و لە بنەرەتدا بۆ رووبەڕووبونەوە راستیە بەرچاو و رۆشنەکان و شێواندنی بەو پەڕێ گەوجێتیەوە ئاراستە دەکرێت.

ئەو جەنگەی ئێستا دەستی پێکردۆتەوە، گۆشەیەکە لە جەنگێکی فراوانتر کە لەلایەکەوە داگیرکاری بەردەوامی ئیسرائیل وەستاوە و لە بەرامبەردا بەرەنگاری و مل نەدانی فەلەستینەکان بە ملهوری و داگیرکاری ئیسرائیل بۆتە راستیەکی جێگیر و حاشاهەڵنەگر.

میدیا غەربی دەیەوێت ئەو راستییە ئاشکرایە کە جەنگی نێوان داگیرکاری ئیسرائیل و بەرگری فەلەستینیەکانە، بگورێت بە جەنگی نێوان حەماس و ئیسلامیەکان لەلایەک و دەوڵەتی ئیسرائیل لەلایەکی ترەوە، ئەمە شێواندێکی ئامانجدارانەیە کە ئەمریکاو غەرب و میدیای نۆکەر و مۆڵەت پێدراو لەپشتیەوە وەستاوە. ئامانج لەم شێواندنە ئەوەیە کە...

بۆ لاپەڕە 15